# چەمکی سەروەری و مەسەلەی دەخالەتی مرۆڤدۆستانە

**نووسینی: ئەیوب ئەیوب زادە**

**سەرماوەزی 2711ی کوردی**

ماڵپەڕی رۆژهەڵات / بۆکان

# چەمکی سەروەری ومەسەلەی دەخالەتی مرۆڤدۆستانە

لە تیۆریی سیاسیدا چەمکی سەروەری گرنگترین بنەمای دەوڵەت و یەکێک لەو تایبەتمەندیانەیە کە قەوارەی دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێ دەناسرێتەوە. یاخۆ بە واتایەکیتر دەتوانین بڵێین: سەروەری بریتییە لە هێز و توانای باڵای دەوڵەت لە پیادەکردنی دەسەڵاتە ناوخۆیی و دەرەکیەکانی بە شێوەیەکی سەربەخۆ. سەروەری ناوخۆیی ئاماژەیە بە کاروبارەکانی ناوخۆی دەوڵەت و شوینی دەسەڵاتی باڵا لەنێو دەوڵەتدا. مەسەلەگەلێکی وەک: هەڵبژاردنی شێوازی حکوومەت، دیاریکردنی تایبەتمەندی و خەسلەتی دامەزراوە ناوخۆییەکان و چاودێری کردنی هەڵس و کەوتیان دەگرێتە خۆ. هاوتەریب لەتەک ئەوانە، دەسەڵاتی تەواو پاوانکراوی دەوڵەت لەسەر دانیشتوان و سەروەت و دارایی ....، بەشێکیتری سەروەریی ناوخۆیی دەوڵەتانی پێ پێناسەدەکرێ.

دیوێکیتری چەمکی سەروەری، سەروەری دەرەوەیە. سەروەری دەرەوە ئاماژەیە بە شوێنی دەوڵەت لەنێو ڕیزبەندی نێودەوڵەتی دا و دەچێتە پاڵ بنەمای سەروەری نەتەوەیی و سەربەخۆیی سیاسیەوە.

سەربەخۆیی سیاسی بەو مانایەیە کە هیچ دەسەڵاتێکی تر نەتوانێ دەسەڵات و ڕێساکانی خۆی بەسەر ئەو شوێنە دا بسەپێنێ کە دەسەڵاتیکیتر تێیدا باڵادەستە. سەربەخۆیی سیاسی یاخۆ ڕەهەندی دەرەکی سەروەری، سەلمێنەری مافی دەوڵەت بۆ دیاریکردنی پێوەندییەکانی خۆی لە گەڵ دنیای دەرەوەیە، بەبێ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتێکی دیکەوە دەسەڵاتەکەی سنووردار بکرێ. واتە ملنەدانی دەوڵەت بۆ قەبووڵی پاشکۆیەتیکردنی یەکەیەکی سیاسیتر و دیفاع لە پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی خۆی. بەسەرنجدان بەو باسەی تا ئێرە خرایە ڕوو، دەکرێ لێرەدا بگوترێ چەمکی سەروەری دەتوانێ خۆ لەو تایبەتمەندیەی خوارەوە وەبینێ. سەروەری چەمکێکی ڕەها و بێسنوورە. واتە بەرزترین هیما و گرینگترین تایبەتمەندیی دەوڵەتداریە، چ لە ئاستی نێوخۆیی وچ لە ئاستی دەرەوەدا. بەو مانایە لە دەرەوەی دەوڵەت

هێزێکی یاسایی بەهێزتر لە دامەزراوی دەوڵەت ، بوونی نیە. لە ئاستی نێوخۆییشدا، سەروەری دەستی بەسەر هەموو گرووپ و تاکەکانی کۆمەڵدا دەڕوا.

لە بۆاری دەرەکیشەوە، سەروەرییەکەی بەدەر لە هەر چەشنە مل کەچیە بۆ دەخاڵەتی دەوڵەتانی‌تر. لەونێوەشدا ئەگەر لە هێندێک بۆاردا دانی بۆ بەرتەسکبوونەوەی دەسەڵاتەکەی داناوە ، بۆخۆی ڕێکخەری بووە .

تایبەتمەندییەکی تری سەروەری، دایمی بوونیەتی. بەوهۆیە کە بونیادی دەوڵەت دامەزراوێکی هەمیشەیی‌یە. سەروەرییەکەشی هەربە هەمان شێوە دایمی یە و تا ئەوکاتەی دامەزراوی دەوڵەت هەیە، سەروەریش هەر لە پاوانی خۆی دا دەبێت.

سەروەری خەوش هەڵنەگر و غەیریقابیلی دابەش کردنە. بە گوێرەی ئەو خوێندنەوەیە لە دامەزراوی دەوڵەت، تەنیا بۆ یەک سەروەری تاقانە جێگا هەیە، نەک زیاتر. واتا سەروەری یەکە و نابێ بە دوو.

لە مێژووی بیری سیاسیدا ئەم ڕوانینە بۆ چەمکی سەروەریی دەخرێتە خانەی خوێندنەوەیەکی کلاسیکیەوە. ئەو بیرمەندانەی کە بڕوایان بە دابەش کردنی سەروەری هەیە، هەوڵیان داوە لە بەرهەمە فیکرییەکانیاندا بەتوندی بەرەنگاری ئەو تێگەیشتنە لە چەمکی سەروەری ببنەوە و لەو نێوەشدا ئاماژە بە قەوارە فیدرالییەکان دەکەن کە لە چوارچێوەی ئەواندا هەم سەروەری دابەشکراوە و لە هەمان کاتیشدا بینای دەوڵەت پارێزراوە.

مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی سەروەری دەگەڕێتەوەبۆ سەدەی حەڤدەیەم. واتە هەرەمەو جەنگەی لە دایک بوونی دەوڵەتی مۆدیرێن لە ئوروپا. لەسەدەکانی ناوەڕاستدا دەرەتانی ئەوە نەبوو، دۆخێکی لەبار بۆ خەملێنی چەمکی سەروەری بێتە گۆڕێ. لە کۆمەڵگای لێکدابڕاوی فیئودالیی سەدەکانی نێوەڕاستدا، ئەسڵ لەسەر بەستراوەیی بە تاکە کەسێک بوو. لە کۆمەڵگایەکی وا دادەرفەتی ئەوە نە دەدرا بیر لە ساغکردنەوەی سەروەری سیاسی بکرێتەوە. بەڵام هەرکە سیستمی دەرەبەگایەتی ڕووی لە فەوتان کرد، لە شوێنی کلیسای کاتولیک و ئیمراتوریی پیرۆزی رۆم، پاشاکان جێیان گرتنەوە. لە مێژووی ئوروپادا ئەمە دەسپێکی چەرخێکی نۆێ بوو. لەو قۆناغە دابوو ئوروپاییەکان بەتوندی مێژووی ڕابردووی خۆیان دایە بەرڕەخنە.

گەلێک لە ترادیسیۆنە هزری، فەرهەنگی وئایینییەکانی سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست، سەرلەنوێ پێداچوونەوەیان بە خۆیانەوە بینی. کۆمەڵێک لە مێژوونوسان و ڕۆشنبیران لە پێداچوونەوەی ئەو سەردەمە، گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە سەدەکانی ناوەڕاست بە چەرخی تاریکی ناودیر بکەن. لەولاشەوە هەتا دەهات شارەکان خۆیان لە کۆت و بەندی نیزامی فئودالی ڕزگار دەکرد. هاوکات لە گەڵ گەشەکردنی بەرچاوی بازرگانی، خاوەن بانک و سەرمایەدارانی نۆێش لە حاڵی گەشەکردنی بێ نێوەبڕ دابوون. کەچی لە بەرامبەردا دامەزراوەکانی کڵیسای سەدەکانی ناوەڕاست هەنگاو بە هەنگاو بە هۆی زیدەخوازی دامودەزگای پاپا و زێدەڕویی لە ڕازاندنەوە، پلە و پایەی ڕوحانی خۆیان لە دەست دەدا و هەتا دەهات هزر و زانست لە پاوانی کلیسا دەردەچوو. لە گشت جێگایەک جۆرە هەڵچونێک بەرامبەر بە دەسەڵاتخوازی پیاوانی کلیسا سەری هە ڵدابوو.

فەرهەنگی ئورووپای ڕۆژئاوا بە پەلە ڕێگای بەرەوپێش چوونی دەبڕی. زانایان بە ڕەت کردنەوەی بیر و بووچونەکانی پیاوانی ئایینی مەسیحی

سەبارەت بە جیهان، دەستیان دایە لێکوڵینەوە و پەسەن کردنی ژیانی مرۆڤ و جوانییەکانی سروشت.

هەرلەو دۆخە دا بوو بیرمەندان و نووسەرانی ئەم قۆناغە هەوڵیان دا ئاوڕێکی تەواو بۆ کولتور و فەلسەفەی بیری یۆنان و ڕۆم بدەنەوە. بە پێچەوانەی بیر و کولتووری بەرهەمهێنراوی چەرخەکانی نێوەڕاست، کولتوور و فەلسەفەی یۆنانی بە تۆخی ئاوێتەی جوانی مرۆڤ و پلە و مەقامی گەورەیی ئەو ببوو. بە هەوڵ و ماندووبونێکی زۆر، شوێنەوارە کۆنەکان و تێکستە بە دەست نووسراوەکانی بیرمەندان و زانایانی کۆنیان دۆزییەوە و لە ژێر چەندین خەروار خۆڵدا دەریان هێنان. کولتوور و فەلسەفەی یۆنانی کە لە ئاکامی دوژمنایەتی کلیسا کەوتووبووە تاریکخانەی فەرامۆشی‌یەوە، جارێکی‌تر گیانێکی زیندووی بەبەردا کرایەوە. دەرکەوتنی هۆمانیزم وەک بزاڤێکی کلتوری لەو کاتەدا، ئاکامی هەموو ئەو هەوڵانە بوو. گەڕانەوە بۆ تیڕوانینی زانایانی چەرخی کلاسیکی شارستانیەتی ڕۆژئاوا بەرامبەر بە مرۆڤ، بوو بە هۆی ڕوانینێکی نوێ لەسەر مرۆڤ. ئایینی مەسیحیەت لە سەدەکانی ناوەڕاست، لە سنووردارکردنی دەسەڵات و ئازادی مرۆڤ لە بەرامبەردەسەڵات و شکۆی خوداییدا کەمترین جێگای بۆ مرۆڤ دەس نیشان کردبوو. زانایانی چەرخەکانی ناوەڕاست لە ترسی کلیسا نەیاندەوێرا لێکۆڵینەوە و ڕاڤەری بابەتی جۆراوجۆر بکەن. بەڵام بە پێچەوانە باوەڕ بە تواناییەکانی ئەقڵی مرۆڤ لە سەردەمی ڕێنسانس گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. لەو چەرخە دا فەیلەسووف و بیرمەندەکان هەم لە لایەک لە باوەڕە دۆگمە ئایینیەکان ڕوویان وەرگێڕاو هەم لە لایەکی‌ترەوە ئایدیاکان‌یان بە ئەقلانییەت پشت ئەستوورکرد.

بەو مانایە ئەوەی دەبێ دوا قسە بکات، ئەقڵە نەک پێودانگە بەسەرچووەکانی ڕابردوو. نابێ هێچ شتێک لە پشکینی ڕەخنەی ئەو دەربازی بێ وپێویستە هەمووشتێ بەکێشانەی ئەقڵ بکێشرێ .

کاتێ"**دیکارت**" ڕایگەیاند: من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم، ڕاست بەو مەبەستە بوو مرۆڤ بە بوونەوەرێکی ئەقڵانی و بیرکەرەوە پێناسە بکات. بەم کارەی"**دیکارت**" "سوۆژەیەکی" گەورە بەرهەم هات. ئیتر لێرەوە بۆ تێهەڵکەوت لەگەڵ گشت دیاردەکان سەروەری عەقڵی مرۆڤ بە بنەما گیرا. لەو رۆژگارە دا گەورەترین کۆسپی سەر ڕێگای فێربوون و زانینی خەڵک بۆ بیرکردنەوە، خورافاتی داسەپاو لە لایەن کلیساوەبوو. بە هاتنە ئارای مەسەلەی ڕەوابوونی گومان و پرسیار لە بەرهەمەکانی "**دیکارت**"، شوێنەوارێکی گەورە بۆ بنچینەیەکی نۆی بیرکردنەوە، بونیاتنرا.

هەر لەسەردەمی ڕێنسانس دابوو کۆمەلێک گۆڕانکاری فیکریی گەورەش چاویان بە دنیایی ڕوون پشکووت. نەزەرییەکانی "**نیکڵاس کوپرنیک**" ئەستێرەناسی لەهێستانی و"**گالیە**" و "**لیوناردوداوینچی**" شوێنەوارێکی گەورەی لەسەر زهنییەتی خەڵک دانا. ڕۆژگار و چاخی ڕێنسانس لە سەدەی شازدەهەمدا لە مەیدانی زانیارییە سروشتیەکانیشدا پێشکەوتنێکی گەورەیان بە خۆیانەوە بینی. پەرەسەندنی نۆیی زانستی لە زۆر بواردا بە شێوەیکی خێرا و سەرسورهێنەر پەل و پۆی هاویشت و گۆڕانێکی بنەڕەتی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستدا هێنایەکایەوە. بۆ وێنە لە مەیدانی ئەستێرەناسیدا زانایانی ڕۆژگاریی ڕێنسانس گەیشتنە چەند ئەنجامێکی گرنگ. "**کۆپەرنیکۆس**" یەکەمین کەسبوو، تیئوری"کومەڵەی ڕۆژ"ی دانا و دەیکوت : زەوی ئەستێرەیەکە و سەربە کۆمەڵەی رۆژە، هەم بە دەوری خۆی وهەم بە دەوری ڕۆژدا دە خولێتەوە. کەچی بە پێچەوانە کلێسا لەسەر ئەو باوەڕەبوو، چەقی ناوەندی گەردوونەوە، چ ئەستێرەی ئاسمان هەیە بە ڕۆژیشەوە بە چواردەوریدا دەسورێتەوە. هەر لەسەر هەمان هێڵ داهێنانی ئامێری چاپ ، یەکێکیتر لە دەستکەوتە زانیاری و کلتوورییەکانی سەردەمی ڕێنسانس بوو. لەو کاتەوە "**دانتێ**" لە بەرهەمەکانی دا نیشانی دا کە دەتوانرێ لە بری زمانی لاتینی، زمانەنەتەوییەکان بکرێتە ئامرازی دەربڕینی بیر و ڕا و لێرەوە لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە پێویستی کتێب و سەنعەتی چاپەمەنی کرا. بۆ ئەم مەبەستە ئورووپاییەکان بە هۆی

تەختەداری هەڵکۆڵدراو، شێوازی چاپەمەنییان بە بارێکی باشتر دا گۆڕی. بەڵام ئەوەی هیوای بۆ دەخوازرا، کت و پڕ رووی دا.

لە دەور و بەری ساڵی 1445زاینیدا **"گوتنبێرگ"** توانی یەکەم ئامێر لە تەختە دروست بکا. داهێنراوەکەی **"گۆتنبێرگ"** تۆوی گەشەکردن و هێزی پەرەسەندنێکی بە گوڕی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. بە هاتنە ئارای سەنعەتی چاپ، جووڵەیەکی گەورە دەستی پێ کرد. بە کەڵک وەرگرتن لەو دەرفەتە، هومانیستەکان و لایەنگرانی بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی، هەوڵیان دا کتێبە ئایینییەکان لە چنگی کلیسای کاتولیک ڕزگاربکەن و زۆرترین ژمارەیان لێ بڵاو بکەنەوە، تا وەکوو خەڵکی ئاسایی بۆیان ڕوون ببێتەوە کە قەشەکانی کلیسا تا چ ڕادەیەک لە یاسا ئایینییەکانی خۆشیان دوورکەوتوونەوە. شان بە شانی ئەوە، ژمارەیەکی زۆر کتێب لە چاپ درا. لێرەوەش کتێب وەک هەموو کەلوپەلێکی تر کەوتە بازاڕ و کڕیار و فرۆشیاری بو پەیدا بوو. بەم جۆرە ئێتر باری ڕۆشنبیری لەوە ترازا کە هەر بریتی بێ لە چەند کتێبخانەیەکی تایبەتی. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە، ڕێنسانس و ئەنجامەکانی بە شێوەی جۆراوجۆر هەستی نەتەوییشیان لەناو گەلانی ئوروپادا ژیاندەوە. لێرەوە ئێتر زمانی نۆی بووە ئامرازێک و ئەو بەرهەمە فیکرییانەی پێ دەنوسرا کە لەو ساتە وەختە دا، بیرمەندانی ئوروپایی بەرهەمیان دێنا. پێش ئەو سەردەمە زانست وئەدەب ونووسین بۆ توێژێکی بچووکی کۆمەڵ قۆرخ کرابوو. تەنانەت دوان و مشتومڕی نێوان ڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمە هەر بەلاتینی بوو. بەڵام لەوکاتەوە پلە و مەقامی تاکەکەس لەناو کۆمەڵدا گۆڕدرا، دەبووبە چاوێکیتریشەوە سەیری هەموو ئەو شتانە بکرێ کە پێوەندیان بە ژیانی مادی و ڕووحی ئەوەوە هەبوو.

زمانیش یەکێک لەو مەسەلە بنچینەییانە بوو کە ئەم گۆڕانکارییە ڕاستەوخۆ کاری تێکرد. هەر بۆیە لێرە بە دوواوە هەوڵ درا نوسەران بە زمانی خەڵکی خۆیان بەرهەمەکانیان بنووسن و سامانی کەلەپووری نەتەوەییان کردە سەرچاوە بۆ دەربڕینی بیر و ڕاکانیان. ئەم تەوژمە وایکرد ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوانەی بەلاتینی دەیاننوسی ژمارەیان کەم ببنەوە و دواجاریش زمانی

نەتەوەیی گەلانی ئوروپا جێی گرتەوە. ڕاست لەناو دۆخێکی وا دابوو، بەرەنگاربوونەوەیەک بەرامبەر بە کۆمەڵێک لە ڕێوڕەسمەکانی کلیسای کاتولیکی ڕۆمی دەستی پێکرد. ئەم بزاڤە کاردانەوەیەکە بە پروتیستانیزم ناو دەبرێ کاریگەریی‌یەکی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وسیاسی... خەڵک دانا. ڕێبەر و ڕچەشکێینی ئەم بەرەنگاربوونەوەیە **"مارتین لوتر"** بوو.**"لوتر"**لەساڵی 1483 لە ئاڵمان لە دایک بووە. دوای ئەوەی لە زانکۆی ئێرفۆرت بڕوانامەی ماجستێری وەردەگرێ، ڕوودەکاتە خوێندنی یاسا و پاشان بۆتە قەشە. لە دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا ئەرکی مامۆستاییش دەگرێتە ئەستۆ. دەسپێکی بەرەنگاربوونەوەی**"لوتر"** بە دژی کڵێسا بۆئەو کاتە دەگەڕێتەوە کە کلیسا و پاپ بە گشت جێگا دوور و نزیکیان ڕاگەیاندبوو تاوان و گوناهەکانی مرۆڤ بە پارە قابیلی کرینەون. **"مارتین لوتر"**کە بۆخۆی راهیبێکی زانا و بەناوبانگی کلێسا بوو، بەرامبەر بەم داوایە دژکردەویەکی توندی لە خۆی نیشاندا. **"لوتر"** لە ڕاگەیاندەراوێکی95 خاڵی دا ڕێووڕەسمی لێخۆشبوونی گوناهەکانی مرۆڤی لە لایەن کلیساوە، بەتوندی ڕەتکردەوە و داوای لە خەڵک کرد لەمەولاوە ئیتر پارە بۆ ڕۆم نەنێرن. بوونی سنعەتی چاپ لەو کاتە دا هۆکارێکی گرنگبوو، بۆ ئەوەی هەواڵی ڕەخنە و بەگژداهاتنەوەی **"لوتر"** بە خێرایی لە سەرانسەریی جیهانی مەسیحیەت دا بڵاوبێتەوە. هەر بۆیە ریفۆرماسیۆن لە پاش ئاڵمان لە وڵاتانی تریش دەستی پێکرد. بیروڕاکانی **"لوتر"** زۆر بە خێرایی توانی لە نێو چین و توێژەکانی ئەو سەردەمەی خەڵکی ئاڵمان ئاوڕی لێ بدرێتەوە. لەوکاتە دا ئاڵمان بە پێچەوانەی ئینگلستان و فەڕەنسا وڵاتێکی بێ ناوەند بوو. کلێسای کاتولیکیش هەتا توانیبووی تەنگی بە خەڵکی ئەو وڵاتە هەڵچنیبوو. بەشێکی بەرچاو لە زەوی و زارەکانی ئەو وڵاتە لە پاوانی کلیسا دا بوون. قەشە گەورەکان لە ڕاستی دا دەرەبەگی سەربەخۆ بوون. لە ئاڵمانی یەکنەگرتوودا کلیسای کاتولیک بێ هیچ لەمپەرێک ڕووی لە خەڵک ڕووتاندنەوە کردبوو.هەربۆیە گشت چین و توێژەکانی خەڵکی ئاڵمان بە جۆرێک لە جۆرەکان، لە دەست دەسەڵاتی ڕەهای کلیساوە زاڵە هاتبوون و دەیانەویست پارەیەکی کەمتر بەکلیسا بدەن. هەر بۆیە هەڵوێست و

هەوڵەکانی **"لوتر"**بە جۆرێک لە جۆرەکان دیفاع و پشتیوانێکیش بوو لە دانیشتوانی خەڵکی ولاتەکەی کە خوازیاری کلیسای هەرزان بوون. دیارە مەبەستی **"لوتر"** لەو هەڵویستەی بۆ ئەوە نەبوو کلیسا دووکەرت بکات، بەڵکوو هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو، ریفۆرم و چاکسازی لە کلیسادا پێک بهێنرێ. بۆ نموونە لەباری ماڵییەوە خەرجێکی کەمتر بخرێتە سەردەستی خەڵک و مەسەلەی ئیمان و بڕاوداری سادەتر بکرێتەوە و گەندەڵی مادی و ریاکاری بنەبڕ بکرێ. بەڵام کلیسای ڕۆم لە درێژەدانی ئەو ڕێگایەی کە گرتبوویەبەر، پاشگەزبوونەوەی بۆ نەبوو. هەر بۆیە **"لوتر"**ی هێنایە سەر ئەو باوەرە کە ئەم ستروکتوورە ریفۆرم هەڵنەگرە و دەبێ لە دەرەوەی کلیسا هەوڵ بۆ ئەو گۆڕانگارییانە بدرێ. **"لوتر"** لە ساڵی1520زایینی لەبەرهەمێکی دا ڕووی لە ئەشراف و پیاو ماقووڵانی ئاڵمانی کرد کە بۆ خۆیان ڕاستەوخۆ بۆ ریفۆرم لە کلیسا و کۆمەڵگای مەسیحی بێنەمەیدان. هەر بەو ڕادەیەی **"لوتر"** لە ئیسلاحی کلیسا هیوابڕاوتر دەبوو، هەربە هەمان ڕادەش نەقدی گرینگتری ئاڕاستەی کلیسای ڕۆم دەکرد. لە درێژەی ئەم هەوڵانەدا سەرئەنجام **"لوتر"** توانی تەفسیرێکی مۆدێرن و تاکگەراییانە لە ئایین مەسیحییەت بێنێتە گۆڕێ.



مارتین لوتر

لەم تەفسیرە نوێیە دا، بوونی کلیسا وەک ئەڵقەی نێوان مرۆڤ و خوداوند بە نەپێویست لە قەڵەمدەدرا. بەباوڕەی **"لوتر"** بەختەوەری مرۆڤ پەیوەندی بە ئیمانەوە هەیە، بناغەی ئیمانیش لەسەر ئەوین و ناخی مرۆڤ دامەزراوە. هەر بۆیە باوەڕێکی ئەوتۆی بۆ بەڕێوەبردنی ڕێورەسمەکانی ئایینی نەبوو. **"لوتر"** بە پێچەوانەی سوننەت وئەخلاقی کاتۆلیک سوود و کەڵەکەبوونی سەرمایەشی بەلاوە جێگای پەسەند بوو. لە هەمان کات دا لە باری سیاسیشەوە باوەڕی بە سەربەخۆیی دەسەڵاتی پاشاکان لە حاند کلیسا دابوو. هەر بۆیە لای وابوو کلیسا بۆ چاکەی مەعنەوی و دەوڵەتیش بۆ چاکەی مادی مرۆڤ دروست بووە. **"لوتر"** هەستی بەوە کرد فێربوونی تەعالیمی ئینجیل بۆ خەڵکی وڵاتەکەی کارێکی زۆر هاسان نیە، هەر بۆیە بڕیاری دا ئینجیل بۆ سەرزمانی ئاڵمانی وەربگێڕێتەوە. **"لوتر"** بە وەرگێرانی ئینجیل دوو مەبەستی گرینگی تری پیکهێنا: لە لایەک ویستی خەڵکی وڵاتەکەی لە چاولەدەستی قەشەی کلیسا بۆ تێگەیشتن لە دەقی تێکستەکانی ئینجیل قوتاربکا و لە لایەکیتریشەوە بەم کارەی خزمەتێکی لەبیرنەکراوەی بە زمانی ئاڵمانی کرد. بیروڕاکانی **"لوتر"** دواتر لەلایەن "کالوین" وە دەولەمەنتر کرا و بەرەبەرە بە هەموو ئوروپادا بڵاوبووە. **"لوتر"** یەکەمین قەشە بوو لە مێژوودا کە توانی ژیانی هاوبەش پێک بێنی و چێژی باوکایەتی هەست پێ بکات. **"لوتر"** لەسالی 1567ی زایینی لە کاتێکدا بە هۆی پشتیوانی نەکردنی لە بزووتنەوەی جووتیاران، خەڵک لێی وەرگەڕابونەوە، لە زێدی لە دایک بوونی لە ژیان ماڵئاوایی کرد.

لە مێژووی ئوروپادا ئەم دۆخە بە چەرخی "ڕینسانس" یا "نوێبوونەوە" بەناوبانگە. لەم چاخە دا ئوروپا سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست جێ دەهێڵێ و پێ دەنێتە ڕێڕەوێکی نوێ. سەردەمی عەقڵی مرۆڤ وهۆمانیزم وشۆڕشی زانستی و ریفۆرمی ئایینی لە زومرەی گرینگترین دەسەکەوتەکانی ئەم چاخە بوون. سەرجەمی ئەو گۆڕانگارییە مەزنانەی لە بوارەکانی زانست و فەرهەنگ وئایین و تەکنۆلۆژیا و ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەیبینین، گشتیان بۆ ئەو چەرخە دەگەڕێتەوە. ئەوە ڕاست بۆ یەکەم جار فەڕانسەییەکان

بوون، لەسەدەی شازدەی زایینی دا کەڵکیان لەو دەستەواژەیە وەرگرت، بەڵام خەسڵەت و پێداویستیەکانی ڕێنسانس بۆ یەکەم جار لە ئیتالیا دەرکەوتن و پاشان بۆماوەی 300ساڵ لە وڵاتانی دیکەی ئوروپادا بڵاوبوونەوە و بە پێی بارودۆخی ناوخۆیی هەر وڵاتێک، خۆیان دەگونجاند و گەشەیان دەکرد. بە کورتی بڵێین: سەدەکانی سێزدە و چواردە لە ئوروپا لووتکەی ڕووبەروو بوونەوە و ململانەی نێوان لاینگرانی کلیسا و دەسەڵاتی حکوومەت بوو . ئەم ململانەیە لە زۆر بواردا چەند زەمینەیەکی نوێی ئامەدەکردبوو. خستنە ڕووی چەند تیورێک لە توخمە تیورییە سیاسیە نوییەکان، یەکیک لە ئاکامەکانی ئەم پرۆسەیە بوو.

هەموو ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی ئوروپا بە خۆیەوە بینی، لەگەڵ خۆشی بیری نوێشی هێنایەکایەوە. ئەو ئاڵووگۆڕە گەورەیەی لە ئەنجامی هەرس هێنانی قۆناغی دەرەبەگایەتی و دەست پێکردنی قۆناغی سەرمایەداری هاتبووە ئاراوە، دیارە دەبوو بە بیرو تێڕوانینی نوێ جیگایان بگیرێتەوە. لە کەش وهەوایەکی وادا و بە هاتنە ئارای بارودۆخێکی لەم چەشنە و لە جەنگەی ململانەی نێوان پاشا و نیزامی فئودالی دا دەرفەتی هاتنە ئارای چەمکی سەروەریش دەرەخسێ. لە مێژووی بیری سیاسیدا **"ماکیاولی"** یەکێک لەو هزرڤانانەیە، ڕێگایەکی نوێی لە هزری سیاسیدا کردۆتەوە. **"ماکیاولی"** لە ڕێگای نوسینی بەرهەمەکانیەوە یەکێک لە بەشە بنەڕەتییەکانی فکری سەدەکانی ناوەڕاستی بەلاوەنا کە بریتی بوو لە دابەشکردنی ژیانی مرۆیی بۆ دوو بواری دنیایی و ئاخیرەت. **"ماکیاولی"** هۆکارە میتافیزیکییەکانی لە ژیانی سیاسی مرۆڤی دایە دواوە و تۆژینەوەکانی لە مەسەلەی دەسەڵاتەوە دەستیپێکرد و هەوڵیدا ئەوە پیشان بدا چ فاکتۆر گەلێک لە دۆخە جیاوازکاندا دەبنە هۆی سەرکەوتن یا خۆ شکستی سیاسی.

بە درێژایی هەموو سەدەکانی ناوەراست، تەنیا پیاوانی ئایینی و تۆیژێکی خوێندەواری سەر بەکلیسا مافی ئەوەی هەبوو قسە لەسەر مەسەلەی چەمکی دەسەڵات بکەن. ئاوێتەکردنی تیۆری دەسەلات بە بنەماکانی ئایینی مەسیحییەتەوە هەموو بۆ ئەوە بوو سنوور و پەرژینێک بۆ دەسەڵاتی میر

دەست نیشان بکرێ. هەر بۆیەش بوو کلیسا بە دایم  تاکی عیسایی دڵنیا دەکردەوە کە هەرچی لە کار و کردەوەی دەسەڵاتدارانی دەبینین لەسەریانە وەک مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ، پەیرەوی لێ بکەن. واتە لەو دۆخە دا فیکری سیاسی وفیکری ئایینی تەواوکەری یەکتر بوون و کەس بۆی نەبوو لە یەکتر جیایان بکاتەوە. ئەو کەسەی بۆ یەکەم جار ئەم ڕەچەی شکاند و ستراکتۆری هزریی کلیسای لەبن هەڵتەکاند **"ماکیاولی"** بوو. زۆریەک لەو پرسیارانەی کە **"ماکیاولی"** لە دەسپێکی سەدەی  شازدەهەم دا سەرقاڵی وەڵامدانەوەیان بووە، لە سەردەمی ئێستاشدا بابەتگەلێکی گرینگی بیری سیاسی دێنە هەژمار. پرسیارگەلێکی وەک: سیاسەت چیە ؟ ئەم چەمکە چ پەیوەندێیکی بە مەسەلەی ئەخلاقەوە هەیە؟ سیاسەتوان چەندە دەبێ لە یاسای گشتی ئەخلاقی پەیڕەوی بکات؟ کام سیاسەت باشترین سیاسەت دێتە ئەژمار؟ دەسەڵاتی سیاسی چۆن بە دەست دەهێنرێ و چلۆن دەپارێزرێ و گەلێک پرسیاری گرینگی تری لەم بابەتە. هەر لەبەر ئەوانەیە لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا دا، **"ماکیاولی"** بەیەکەم بیرکەرەوی چەمکی سەروەری دەناسرێ. بەڵام سەرنج ڕاکێش ئەوەیە **"ماکیاولی"** هیچ کات لە کاتی پەروەردەکردنی بەرهەمەکانیدا لە دەستەواژەی سەروەری کەڵک وەرنەگرت.



ماکیاولی

دکترینی سیاسی ماکیاولی بە گشتی پێوەندیدارەبە شێوازەکانی فەرمانڕەوایی و ئامرازەکانی بەهێزکردنی دەوڵەت و ئەو سیاسەتانەی کە پێویستە ڕەچاو بکرێن لە پێناوی پتەوکردنی داموودەزگاکانی دەسەڵاتدا. **"ماکیاولی"** لە بەرهەمەکانی دا بایەخێکی تایبەت دەدا بە ڕێ و شوێن و تەکنیکی سیاسی و عەسکەری و بە تەواوی دایاندەبڕی لە پرسە ئایینی و ئەخلاقی‌یەکان. لە ڕوانگەی **"ماکیاولی"**ەوە سیاسەت وفەرمانڕوایی، لوژیک وسروشتی تایبەت بە خۆیان هەیە. میر و کەسی فەرمانڕەوا تەنیا لەو کاتانەدا پێویستی بە ڕەچاوکردنی پێوەرە ئەخلاقی وئایینیەکانە کە لە بەرژەوەندی حوکمدا بن و ببنە ئامرازگەلێک بۆ پتەوکردنی دەسەڵات. لە خوێندنەوەی **"ماکیاولی"** دا تاقە پێوەر بۆ حوکمدان لەسەر سیاسەت ئاستی سەرکەوتن و مانەوە و فراوانبوونی دەسەڵاتە، نەک شتێکی تر. لەو کاتە دا دەسەڵاتی پاپ خاوەنی پێگەیێکی تایبەتی بوو. بەشێکی زۆر لەو دەسەڵاتە تایبەتیە بۆ ئەوە بەکار دەهات بەرپەرچی ئەوکەسانە بداتەوە، خەونیان بە ئیتالیای یەکگرتووە دەبینی. لەو نێوەدا **"ماکیاولی"** نەتەنیا یەکیک لە نەیارانی دەسەڵاتی سیاسی پاپ بوو، بەڵکوو لای وا بوو دەبێ لە مەولا لە چەمکی سیاسەت بە شێوەیەکی سەربەخۆ بڕواندرێ و دەسەڵات و بڕوای ئایینی لە سیاسەت جیابکرێتەوە و بنەمای دەوڵەت لە ئوسووڵ و پرینسیپی ئایینی بە دوور ڕاگیرێ. هەر بۆیە لایەنی بیری نەتەوەیی و نیشتیمانپەروەری بەرچاوترین مەسەلەیە کە لە کتێبی میردا سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. گەورەترین خەمی **"ماکیاول"** لەمیردا سەرقاڵ بوونە بە قەیرانی ناسنامەی سیاسی و سازمان دانی واقعێکی کومەڵایەتی بە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بە هێزەوە. دکترینی **"ماکیاولی"** ئاکامی شیکردنەوەیەکی قووڵی واقعی ئیتالیای ئەو ڕۆژگارەبوو. کۆمەڵگای سیاسی ئیتالیا لە سەردەمی **"ماکیاولی"** دا بە دۆخێکی تایبەت و دژوار دا تێپەردەبوو. ئیتالیایی ئەو ڕۆژگارە لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە پڕشنگدار و لە ڕووی هونەریشەوە داهێنەرە، کەچی لە هەمان کاتدا ببوە سوتەمەنی دزێوترین گەندەڵیی سیاسی و هەڵوەشانەوەی ئەخلاقی.

دڵڕەقی و جینایەت، ئامڕازە پەسەند کراوەکانی حکوومەت بوون. لە سەردەمی ژیانی **"ماکیاوڵ"** دا ئیتالیا لە 5 حکومەتی جیاواز پێک هاتبوو. ئەم لێک دابڕان و دابەش بوونە، خەڵکی ئیتالیای لەگەڵ مەینەتێکی گەورە ڕووبەڕوو کردبووە. لە کەش و هەوایەکی وادا **"ماکیاوڵ"** بە هۆی دەربڕینی بیروڕاکانیەوە تەعبیری لە دۆخێکی نوێ دەکرد. هێڵی سەرەکی ئەم بیرەش ئەوەیە باس لە مەسەلەی بنیاتنانی سیستمی سیاسی لەسەر بنچینەی دەسەڵاتی دەوڵەت دەکات و وڵامێکی نوێ بۆ فۆرمۆلبەندیی مەسەلەی سیاسەت بە دەستەوە دەدات. ئەگەر لە فەلسەفەی مەسیحایەتی **"ئوگوستین"**دا، ئایین بە سەرچاوەی گشت چالاکیە سیاسییەکان لە قەڵەم دەدرا و خێر و چاکە و بەختەوەری ڕۆح بە فەلسەفەی ژیان پێناسە دەکرا، لای **"ماکیاوڵ"** ئەم پیوانە بە تەواوی دێتە گۆڕاندن. بەو مانایە ئەم لۆژیکە بەراوەژوو دەکرێتەوە و سیاسەت دەکرێتە بنەمایەک بۆ دیاریکردنی ئامانجی چالاکیە ئایینییەکان، نەک بە پێچەوانەکەی.

لەبیری **"ماکیاوڵ"**دا ئامانج و جەوهەری ژیانی سیاسی، خۆی لە پاراستنی مەسڵەحەتی دەوڵەت دا دەبینێتەوە. بوونی ئایین لە دەزگای بیری سیاسی **"ماکیاوڵ"** دا، بە وێنەی ئامڕازێک پێناسە دەکرێ بۆ خزمەت بە ئامانجێکی بەرزتر. هەڵبەت**"ماکیاوڵ"** بەهۆی ئەو خوێندنەوەیە نایەوێت نکۆڵی لە ڕۆلی ئایین بکات. بە پێچەوانە، ئەو لای وایە ئایین دەتوانێ ڕۆڵێکی گرینگی هەبێ لەسەر خستنی سەقامگیری سیاسی و ئاسایش و رێکخستنی سیستمی کۆمەڵایەتی لە وڵاتدا. بەڵام ئەوەی ئەو دەیەوێت گۆڕانی تێدا پێک بێنی چۆنیەتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئایینە.

خەمی گەورەی **"ماکیاوڵ"**، پێویستی بە دەسەڵاتی میرێکی بە هێز هەیە. دیارە ئەوەش نەک لەبەر خودی میر، بەڵکوو لە پێناوی بونیات نانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئیتالیا. کە واتە مەبەستی **"ماکیاوڵ"** نکوڵی لە ڕۆلی ئایین لە کۆمەڵگادا نیە، بەڵکوو لای وابووە ئایین لە هەموو کەرەسەیەکی تر زیاتردەتوانێ یەکیەتی ناو خەڵک و مل کەچی بۆ حاکم لە کۆمەڵگادا بەرهەم بێنێ. بۆیە تەناتەت پێشنیار دەکات وا باشە میر لەبیروڕای گشتی دا

خۆی وەک کەسێکی بڕوادار بخاتە ڕوو. بەڵام هاوکات لە گەڵ هەموو ئەوانە ئەوەشی بیر خستوەتەوە، ئایین نابێ هاوشانی حکوومەت بێ. بەڵکوو دەبێ وەک ئامرازێک بۆ بە هێز بوونی دەسەڵات کەڵکی لێ وەربگیرێ. **"ماکیاولی"** لە ماوەی ژیانی خۆیدا توانی گەلێک بەرهەمی فیکری لە دوای خۆی بە جێ بهێڵێ. بەڵام لە نێو هەموو بەرهەمەکانی دا کتێبی"میر" و "گۆتارە" کان لە هەموو کارەکانیتری بەرچاوترن و بوون بە هۆی پەیداکردنی ناو و ناوبانگی جیهانی بۆ ئەو. میر یەکەم کتێبی **"ماکیاولی"** بوو. بەشێکی هەرە گرینگی کتیبی میر تەرخانە بۆ مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئەخلاَق و سیاسەت. لە مێژووی بیری سیاسی دا، هەمیشە چەمکی سیاسەت بە مانای زانست و هونەری بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات پێناسەنەکراوە. لە یۆنانی باستان سیاسەت بەمانای بەشداری شارومەندان لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی شارەکان بوو. ئەرەستو و فەلسەفەی سیاسی خۆی لەسەر بونیادنانی دەوڵەتێکی ئیدیال دامەزراندبوو کە مرۆڤی باش و شارومەندی نموونەیی بۆ بێنێتە بەرهەم. هەر بۆیە ئەرکی سەرەکی دەوڵەتی لەوەدا دەدیت، مرۆڤی بە ڕەوشت بەرزی نموونە، بۆ کۆمەڵگا پێ بگەێنێ. لە ڕوانگەی ئەرەستووە پردی نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی مەودایێکی ئەوتۆی نەبوو.

ئەم دۆخە بە هاتنی چەرخی ڕێنسانس و لە دایک بوونی و گەشەکردنی ئۆمانیزم دەدرێتە دواوە. بەرهەمەکانی **"ماکیاول"** نوێنەرایەتی کردنی ئەم دۆخەنوێیەیە لە ژێر کاریگەرییەکانی ڕێنسانس دا. لە بەرهەمەکانی **"ماکیاولی"**ش دا تەفسیرێکی ئۆمانیستی لە مرۆڤ و دنیا دێتە گۆڕێ. لەم تەفسیرە ئۆمانیستیەدا بەتەواوی جێگە بە ئەخلاقی دینی لەسیاسەت دا لێژ دەکرێ و ئەوەی بە بنەمای سەرەکی دەگیری، دەسەڵات و ئیرادەی بەستراوە بە دەسەڵاتە. لێرەوەیە ئیتر مەسەلەی جیایی نێوان ئەخلاق وسیاسەت دێتە گۆڕێ و چەمکی سیاسەت لە پەیوەندی لەگەڵ بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا خۆی دەبینێتەوە. لە کتێبی میردا **"ماکیاول"** ئەوەندەی باسی چۆنیەتی هونەری سیاسەت کردن دینێتە گۆڕێ، دوو ئەوەندە، سەرقاڵی چۆنیەتی بەکارهێنانی

نواندنی هونەری سەرکەوتوانەیە بۆ سیاسەت. بەبڕوای ئەو بونیاتنانی دەوڵەت، بەرهەمی نواندنی چالاکی سیاسی‌یە. مەبەست لە سیاسەتیش بەدەست هێنان و پاراستنی دەسەڵاتی دەوڵەتە.

بە پێچەوانەی ئەوەی زۆر جار دەبیسترێ لە بیری **"ماکیاول"** دا هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان ئەخلاق و سیاسەتدا نابینرێ، بەڵکوو ئەوەی لە هزری **"ماکیاول"** دا سنوورێکی لێک جیاکەرەوە لە نێوانیدا دەکێشرێ، بوونی دوو جۆر ئەخلاقە. ئەخلاقی مەسیحی و ئەخلاقی مەدەنی. گازندەی **"ماکیاول"** لە ئەخلاقی مەسیحی کە خۆی لە ڕاستگۆیی، لە قەناعەت و  شوکرانەبژێری و بێ نرخکردنی خۆشیەکانی دونیا و ئەوین بە خودادا دەدیتەوە بە مانای دژایەتی کردن لە گەڵ ئەو بەها ئەخلاقییانە نەبوو، بەڵکوو ئەو پێی وابوو ئەخلاقی ئایینی لە توانای دا نیە نەزمی سیاسی کۆمەڵگایەکی مرۆڤی پێ بونیات بنرێ. هەر بۆیە **"ماکیاول"** لە بەرهەمەکانی دا لە خەمی گەڕان بە دوای فەزیلەت دا نەبوو. لە خوێندنەوەی ئەو دا فەزیلەت لە چوارچێوی چاکەی گشتیدا پێناسە دەکرا. چاکەی گشتیش ئەو ئامانجە بوو کە هەموو کۆمەڵگایەک بە دوایی دا دەگەڕێ، وەک ئاسایش، سەقامگیری و حکومەتی یاسا. هەر بۆیە **"ماکیاول"** لەکتێبی میردا هەموو وزە و توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەخلاقی مەسیحی لە ئەخلاقی مەدەنی جیا بکرێتەوە. ئەو بە ڕێگای داماڵینی سیاسەت  لە ئەخلاقی ئایینی، لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەخلاقیکی‌ترە، واتە ئەخلاقی سیاسی. ئەخلاقی سیاسیش ئەو پانتایی‌یە دەگرێتە خۆ کە بۆ پاراستن و بەردەوامی دەوڵەت پێویستن. کە وایە مەبەستی **"ماکیاول"** ئەوە نەبوو هێڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان سیاسەت و ئەخلاق دا بکێشێ. بە پێچەوانە لە بیری **"ماکیاول"** دا چالاکی سیاسی خۆی بەشێک لە چالاکی ئەخلاقی ژمێردراوە. گرفتی ماکیاول لەگەڵ بەهاکانی ئایینی مەسیحی لێرەوە دەس پێ دەکات کە ئەخلاقی زاهیدانەی مەسیحی ناتوانێ بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی مرۆڤی، جێی ڕەزامەندیی و یارمەتیدەربێ. بە کورتی بڵێین: **"ماکیاول"** یەکەم بیریاری سیاسی بوو کە توانی بە هۆی بەرهەمەکانییەوە بنەماکانی سیاسەتی مۆدێرن لە بەرانبەر نەریتی ئەخلاقی

مەسیحی دابڕێژێ. ئەو هەوڵی دا لە ڕێی دامەزراندن و دارشتنی چەمکێکی نوێ بۆ سیاسەت لە نەریتی سەردەمی خۆی دوور بکەوێتەوە. یەکێک لە کارە گەورەکانی ماکیاولی ئەوە بوو کە سیاسەتی بە بوارێکی سەربەخۆ لە قەڵەم دا. ئەو هەوڵیدا بە تێروانینێکی ئەقڵانی و دوور لە داوەریکردنی پێشوەختە، شێوازەکانی بەدەست هێنان و پاراستنی دەسەڵاتی سیاسی شی بکاتەوە.

بیر و ڕاکانی **"ماکیاولی"** تەعبیری لەسەردەمی ژیانی خۆی دەکرد، سەردەمی ژیانی ئەویش چەرخی ڕێنسانس بوو. ئەو لەسەردەمێکدا دەربارەی سیاسەت نوسیویەتی کە دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئورووپای خۆرئاوا لە دەرکەوتن و گەشەکردندا بوو. ئەو دەوڵەتەی کە دەبوو تەکنیکێکی نوێ پەیڕەو بکات کە هیچ هێزێک نەتوانێ لە دەرەوەی هاوکێشەکانی دەوڵەت دا باس لە بوونی خۆی بکات. بە لەبەرچاو گرتنی هەمو ئەو دەست پێشخەرییانەیە، **"ماکیاولی"** بە یەکێک لەو کەسایەتیيانەی مێژووی بیری سیاسی دەژمێردرێ کە توانیوە پاڵێکی گەورە بە دیمانەی سیاسیيەوە بنێ. ئەوەی ئەو لە کتێبی میردا باسی دەکات بە یەکەم دەربڕین دادەنرێ لەمێژووی بیری سیاسی دا.

## ژان بۆدن

لە بیری سیاسی ڕۆژئاوادا گرینگترین تایبەتمەندیەکی کە فەلسەفەی سیاسی نوێی لەگەڵ چاخەکانی پێشووی پێ لێک جیادەکرێتەوە، چەمکی سەروەرییە. گرینگترین ناوەندی هاودەنگی وپێکەوە ژیانی سیاسی لەیۆنانی باستان، شارەدەوڵەتەکان و لە سەدەکانی ناوەڕاستیش ئیمپراتۆری مەسیح بوو. لە دوای ئەو دوو سەردەمە بەردی بناغەی چەمکی سەروەری لە بەرهەمەکانی **"ماکیاول"** دا خۆی بینییەوە، بەڵام هەر وەک باسی لێوەکرا لە کاتی هۆنینەوەی بیر و ڕاکانیدا کەڵکی لەو دەستەواژەیە وەرنەگرت.

له مێژووی بیری سیاسیدا **"ژان بۆدن"** یەکەم کەس بوو، بە شێوەیەکی مۆدێرن چەمکی سەروەری وەک بابەتێکی تیۆری و گوتارێکی سیاسی هێنایە گۆڕێ.**"ژان بودن"** لە ڕێگای  هێنانە ئارای بیروڕاکانییەوە هەم لە لایەک یارمەتی بەسەقامگیری نیزام و سیستەمی سیاسی فەرەنسا دا و هەم بۆ زانستی سیاسی و نەزمی دەوڵەتی مۆدێرن، بنەمایەکی تیۆریکیی دامەزراند. هەر بۆیە لە تێئوری **"ژان بۆدن"**دا مەسئەلەی تێئوریزەکردنی چەمکی سەروەری خۆی لە ناوەندی ڕوانگەکانی ئەوە دا دەبینیەوە.

بە گوێرەی دیتنی  **"بۆدن"** سەروەری بریتیە لە دەسەڵاتی باڵا ۆ ڕەها بە سەر خەڵک و هاووڵاتیان دا و یاسا سنووری بۆ دیاری ناکات. بەو هۆیە کە سەروەری مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بوونی گشت دەوڵەتێک. لە تیئۆریەکەی بۆدن دا باس لەو سەروەریە دەکرێ، کە یاسای دروست کرد، بەڵام خۆی پابەند نەبوو بەو یاسایانەی درووستی کردبوون. واتە بە پێی ئەو بۆچوونە یاسا شتێک پتر نیە لە فەرمانی سەروەر و پێویستە گشت لایەک گوێ ڕایەڵی بن.



ژان بۆدن

"بودن" خۆی لەم بارەیەوە دەنووسێ :

سەروەری واتە دەسەڵاتی ڕەها و بەردەوام. حکومەت بریتی‌یە لە یەک کۆمەڵگا. لە دەسپێکی ئەم کارە دا پێویستە ئەم دەستەواژەیە تاوتۆی پێویست

بکەین. بەو هۆیە کە  تا ئێستا هیچ کام لە بیرمەندانی سیاسی و یاخۆ حقووقی پێناسەی ئەم دەستەواژەیان نەکردووە. گرینگی و بایەخی چەمکی سەروەری لەوەدایە سنووری نیوان کۆمەڵگایەکی سیاسی لەتەک ڕێکخراو ودامەزراویی مرۆیی ئاسایی دیکە لە یەکتر جیادەکاتەوە.

لە ڕوانگەی"بۆدن"ەوە کۆمەڵگای سیاسی بریتی‌یە لە سێ بوار:

**بواری یەکەم:** بوونی بنەماڵەیە. لەتیۆری " بۆدن"دا بنەماڵە جێگایەکی گرینگ وتایبەتی هەیە لە کۆمەڵگای سیاسیدا. بە دیتنی "بۆدن"بناغەی کۆمەڵگا پشت ئەستوور بە بنەماڵەیە. واتە بوونی کۆمەڵگای سیاسی بە بوونی بنەماڵەوە دەبەسترێتەوە. هەر بۆیە لای وایە هەر ئەندازە ژیانی تاکەکانی بنەماله ڕووی لە گەشەبێ، بە هەمان ڕادەش بەختەوەری وڵات و یەکگرتووی کۆمەڵگای سیاسی دەستەبەر کراوە.

**بواری دووەم:** لە تیۆری" **بۆدن" دا ،کۆمەڵگای سیاسی** ، یاسایی بوونی دەوڵەت دەگرێتە خۆ. لە بیری ئەودا دەوڵەت یەکەیەکی یاسایی‌یە و دوا دەسەڵات لەنێو یاسای دەوڵەتدایە. واتە بە مەزندەی" **بۆدن"**،پێوەری بوونی دەوڵەت، خۆی لە یاسایی بوونی دا دەبینێتەوە وهەر بۆیەش لە کاتی دەربڕینی بیروڕاکانی لە یاساوە دەست پێ دەکات.

**بواری سێیەم:** لە دوای ئەم دوو ئەسڵە، نۆرە دەگاتە تاوتووکردنی مەسەلەی چەمکی سەروەریی. لە تیۆری " **بۆدن"**دا، چەمکی سەروەری هۆکاریکی هەرە گرینگی یەکیەتی وهاوپەیوەندیی کۆمەڵگای سیاسی یە. ئەو لای وایە هیچ کۆمەڵگایەک بە بێ بوونی سەروەری ناتوانی ڕووی ئاسایش و سەقامگیری بە خۆیەوە  ببینێ.

" **بۆدن"** لەم یانەی تیۆریەکەیدا دەوڵەت لە حکومەت جیادەکاتەوە و سەروەری بە دەسەڵاتی باڵا و مافی حکومەتەکان لە قەڵەم دەدا. ئەو پێی وایە دەوڵەتەکان دێن و دەڕۆن،  بەڵام ئەوەی بە دایمی  و بە دەست لێ نەدراوی دەمێنێتەوە،  چەمکی سەروەرییە.

تایبەتمەندی دووەمی سەروەری ڕەهابوونی چەمکی سەروەرییە." **بۆدن"** لای وایە لەو جێگایەی دەسەڵات بە شەرت و مەرج بە کەسێک بسپێردرێت، ناکرێ لە بوونی سەروەریش قسە بکرێت. جگە لە خواوەندی بەرزی بێ هاوتا، کەسی تر لەسەر عەرد لە پاشا بە دەسەڵاتتر نیە. دەسەڵات کاتێ دەتوانێ ڕەها بێ، کە کەس خۆی بە شەریک و برابەشی نەزانێ. پاشا بۆ بەڕێوەبردنی یاسا، پێویستی بە ڕاوێژ لەگەڵ کەسی تر نیە.

یاساکانیش نابێ بە جۆرێک بن، دەست وپێی پاشای پێ ببەسترێ. واتا پاشا بۆخۆی مەجبوور بە بەڕێوەبردنی یاساکان نیە. عورف و سوننەتیش نابێ بتوانێ جێ بە یاسا لێژ بکەن. بە پێچەوانە لەو جێگایەی پێویست بێ، یاسا دەتوانی سوننەت و عورف لە ئیعتیباربخات. مەسەلەکانی لێدانی دراو و بڕیاری شەڕ و ئاشتیی‌یش بەتەواوی لە دەسەڵاتی پاشادایە.

## تۆماس هابز

فەلسەفەی سیاسی تا ڕادەیێکی زۆر قەرزداری بیر و بەرهەمەکانی **"تۆماس هابز"**ە. کاری سەرەکی ئەو پێکەوەنانی دەزگایێکی فیکری بوو بۆ ڕوانینی سیکۆلار لە چەمکی سەروەری. لەبیری **"هابز"**دا هیژەمونی ڕەهای خواوەند بەسەر ژیانی مرۆڤدا جیگایێکی بۆ نەبوو. **"هابز"**لای وا نەبوو خواوەند ئەرکی ڕیبەریی جیهانی بە کلیسا بەخشیوە و لە ڕێگای کلیساوە ئەم ریسالەتە بە پاشا و میرەکان سپێردراوە. بە پێچەوانە هەموو قسەی**"هابز"** ئەوەیە بڵێ دەسەڵات نوێنەری کلیسا و خواوەند نیە. خەڵک بە ئیعتیباری یاسا دەبنە بەندە و فەرمانبەری دەسەڵات. بەو هۆیە کە ئەو بە نوێنەرایەتی لەلایەن خەڵکەوە و بە گوێرەی گرێبەستێکی کە لە نێوان ئەو و کۆمەڵگادا دەبەسترێت بە پلە و مەقامی دەسەڵاتدارەتی گەیشتووە. واتە لێرەدا جۆری پەیوەندی نیوان حاکم و بەندە گۆڕانی بەسەردا نایە، بەڵام سەرچاوەی دەسەڵات لە ئاسمانەوە بۆ زەوی دەگوێزرێتەوە و سەروەر لە حاند هیچ هێزێکی بانزەویدا خۆی بەرپرس نازانێ.

گرینگترین کتێبی **"هابز"** لویاتیانه، ئەم ناوە لە تەورات وەرگیراوە. لویاتیان لە تەوراتدا بە مانای غولێکی ئەفسانەیی‌یە کە هیچ بوونەوەرێکی‌تر ناتوانێ خۆی لە قەرەی بدا ولە حاندی دا خۆی رابگرێ.**"هابز"**یش دەزگای دەوڵەت بە غوولێکی وا دەشوبهێنێ. هۆنینەوەی بیری **"هابز"** لێرەوە دەست پێدەکات:

ئەگەر مرۆڤ لە گشت پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ببڕی و دابڕاو لە ژیانی خەڵکی‌تر، بە تاق و سەربەخۆ بژی، داخوا بلێی ئەو ژیانە دەبێ چۆن بێ؟ **"هابز"** بە هۆی ئەو پرسیارەوە لە هەوڵی ئەوە دایە ڕاڤەیکی سایکۆلۆژیانەی چییەتی تاکەکەس بکات. مرۆڤی لای **"هابز"** سروشتێکی نە گۆڕی هەیە و دەکرێتەوە دووکەرت یا خۆ دوو جۆر سروشت. بەو مانایە لە لایەکەوە بە شێوەێکی سۆزداری هەڵسووکەوتی هەیە و لە لایەکی‌تریشەوە لە ژێر کارتێکەری لۆژیک و بیروێژیێیە. لەو دۆخەشدا بە بێ بوونی دەزگای سەپێنەری دەوڵەت، لایەنی سۆز و ئیحساسی مرۆڤ بەسەر لۆژیکی ئەقڵ و تەدبیری مرۆڤ دا زاڵ دەبێ و لە ئاکامدا لەگەڵ مرۆڤی دەوروبەری دەکەویتە کێشە و ململانەوە. چونکە ئەوانیش هەڵگری هەر هەمان خۆزیا و بریاری بێ بڕانەوەن لە ژیانیاندا. ئەم بارودۆخە لە تیۆری **"هابز"**دا بە دۆخی سروشتی دێتەناساندن. دۆخی سروشتی لای **"هابز"**، بەمانای دۆخی کڵۆلی و شەڕنگێزی و رۆژە ڕەشی بوو. دۆخی شەڕی بێ بڕانەوە و ناسەقامگیری و نەبوونی ئاسایش و هێمنی لەوڵاتدا. چونکە مرۆڤ لەم دۆخەدا بە پێی تاقە یاسایەک دە ژیا، ئەویش یاسای مافی سروشتیبوو.



توماس هابز

ئەم یاسایەش مافی تەواو دەداتەوە مرۆڤ بۆ کار پێکردنی توانستی کەسێتی خۆی لە پێناوی پاراستنی ژیانی تایبەتی خۆیدا. لێرەشدا هیچ مەرج و ڕیگرێک نییە لە بەردەم ئەم مافەدا جگە لە مەرجەکانی هێز نەبێ. جا لەبەر ئەوەی مەسەلەی هێز و چۆنیەتی دەسەڵات ودەست ڕۆیی لە نێوان مرۆڤەکاندا جیاوازە، ئەوە دەبێتە خستنەوەی دڕدۆنگی و دوژمنایەتی لەگەڵیەک. لە ڕەوشتێکی واشدا لە کۆمەڵگادا ئارامش وئاسایش ناتوانی بوونی هەبێ و شارستانیەت ناتوانێ سەرهەڵبدات. بۆ ڕواندنەوەی هەموو ئەومەترسییانە "هابز" لای وایە ئەم دۆخە سروشتییە بە بوونی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی دەتوانێ کۆتایی پێ بێ. گرێبەستی کۆمەڵایەتی یەکێک لەو چەمکە گرینگانەیە کە فەلسەفەی بیری **"هابز"** ی پێ دەناسرێتەوە. تیۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی **"هابز"** هەم لە حاند مافی خودایی پاشاکان ڕادەوەستێ وهەم لە هەمبەر تیۆری سروشتی بوونی سەرچاوەی دەوڵەت. بە گوێرەی ئەم تیۆریە هەر تاکێک لە تەک ئەویتردا پەیمان دەبەستێ کە مافی حکوومەت کردن لەسەر خۆی بە تاک یاخو کۆمەڵیک بسپرێت و لەو ڕێگایەوە سیستیمێکی دەسەڵاتدارەتی بۆ وڵات چێ بکرێ.

**"تۆماس هابز"** ئەم وێنەیەی دەوڵەت بە دەسەڵاتی باڵا دەزانێت. واتە گرێبەستی کۆمەلایەتی**"هابز"**،جۆرێکە لە حکوومەتی ڕەها. بە گۆێرەی ئەو دیتنە خەڵک ناتوانن لە سنووردار کردنی دەسەڵاتداردا پابەندی هێندێک شەرت و مەرجی بکەن. واتە لە تیۆری **"هابز"**دا ئەسپاردنی دەسەڵاتدارەتی بەبێ مەرجە.

لە دوای دامەزراندنی دەسەڵاتدارەتی، فەرمانی دەسەڵاتدار وەک یاسایە. **"هابز"** لە دژی هەر باوەڕێکە کە داوای دابەشکردنی دەسەڵات بکات و بە تەواوی پشتگیری لە دەسەڵاتی ڕەها دەکات. ئەو بەتوندی لەسەر ئەوە پێدادەگرێ، سەروەری غەیری قابیلی دابەشکردنە. لە ڕوانگەی**"هابز"** ەوە سەروەری بریتیە لە هێزیکی تۆکمەی قۆرخکەر لە ژێر دەستی یەک حوکمڕاندا. هەر بۆیە لە درێژەی ئەم بیرە لای وایە لە دوای دامەزراندنی

دەسەڵاتدارەتی، فەرمانی دەسەڵاتدار وەک یاسایە و ژێردەستان لە هیچ بارودۆخێکدا مافی ڕاپەرینیان بۆ نیە.

## جان لاک

لە دوای **"ماکیاول"** و **"بۆدن"** و **"هابز"**، بۆ باس لەسەرچەمکی سەروەری نۆرە بە **"جان لاک"**دەگات. پرسی سەرەکی تیئۆری سیاسی **"جان لاک"**یش هەروەک پرسی **"هابز"**ە. بەڵام**"جان لاک"** لە حاند شێواوی سیاسی بریتانیا خاوەن ڕوانگەیکی تر بوو.



جان لاک

ئەو لە گەڵ **"هابز"**دا هاودەنگ بوو کە سیستیمی پاشایەتی کۆتایی پێ هاتووە. بەڵام بەبیری ئەو لاوازی دەسەڵات لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە پاشا خەریکە لە سنووری دەسەڵاتەکەی تێی بپەڕێنێت. بەباوەڕی **" لاک"** قەیرانی ڕاستەقینە، قەیرانی ڕەوایەتی بوو. ئەوە ڕاست نیە کە خەڵک بە هۆی لاسارییەوە سەرکێش بوونە، بەڵکوو هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگا هەوڵیان دابوو دەسەڵاتی خۆیان، پتر

لەوەی کە مافیان بوو تێ‌هەڵێنابووەوە." **لاک"** بۆ خستنەڕووی تێگەیشتنی خۆی لە ناسەقامگیری کۆمەڵگای بریتانیا پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵاتدارانی لە چوارچێوەی پەیماننامە دا خستەبەر ڕاڤە و لێکوڵینەوە. **"لاک"**بە پشت بەستن بەوە کە مرۆڤ لە ڕووی سروشتیەوە ئازاد و یەکسان و ئاقڵ و لۆژیکن، ناتوانن ئەوە قەبووڵ بکەن کە بە ویست و ئیرادەی خۆیان لە بەرانبەردەسەڵاتێکی سەرەڕۆدا مل کەچ بن. لە دیدی " **لاک"** دا حکوومەت وەک ئەمانەتێک وایە کە لەسەر ئیرادەی خەڵک دادەمەزرێ و لە هەمان کاتیش لەلایەن خەڵکەوە هێندێک بەربەستی بۆدەست نیشان دەکرێ. بەڵام کاتێ دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگایەک هەوڵ بدەن دەسەڵاتی گەلێک بە دەست بێنن کە لە لایەن خەڵکەوە پێیان نەدراوە، پەیمانی نێوان خۆیان و خەڵکیان ژێرپێ خستووە. ئیتر خەڵک بە ئەرکی خۆی نازانێ بە پرنسیپەکانی ئەو پەیمانە وەفاداربێ. لێرەوە پابەندبوون بە پەیمان وگرێبەستێکی کۆمەڵایەتی لە تیۆری **" لاک"**یش دا دێتە گۆڕێ.

لە تێگەشتنی **"لاک"**دا گرێبەست، ڕێکەوتنێکە لە نێوان دوو لایەندا. گرێبەستی کۆمەڵایەتی وەک هەر ڕێکەوتنێکی دیکە بە دەستهێنانی شتێکە بەرانبەر بە دەست هەڵگرتن لە شتێکی تر بە شێوەیێکی ویستخوازانە. بە باوەڕی **"لاک"** پەیمانی کۆمەڵایەتی ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرایە کە لەگەڵ کۆیلەتی و ملکەچیدا ناگونجێ. مەبەست لەو گرێبەستە دامەزراندن و بونیاتنانی کۆمەڵگایێکی مەدەنی‌یە. بەو مانایە ئەگەر خەڵک لە ئاکامی ڕەزامەندی و دان نان بەو گرێبەستە هێندێک مافی دۆخی سروشتیان لە کیس دەچێ، لەبەرانبەردا دەسەڵاتیش دەبێ مل کەچی پاراستنی یاسا و مافی سروشتیو ئیرادەی گشتی بێ.

لە ڕێگای ئەو تێگەیشتنەوە لە چەمکی سەروەری، **"لاک"**درز دەخاتە تیئۆری **"هابز"**ەوە لەمەڕ حکوومەتی ڕەها. بە باوەڕی**"لاک"**مەسەلەی پاراستنی گیان و ئاسایشی هاووڵاتیان نە تەنیا نابێ ببێتە هۆی دەسەڵاتێکی ڕەها، بەڵکوو ڕێک بە پێچەوانە دەبێ ببێتە هۆی حکوومەتێکی سنووردار. بە باوەڕی**"لاک"** سەروەری دەبێ هەم لە لایەک پابەندی یاسا بێ و هەم

دەسەڵاتەکەشی سنوورداربێ. بە جۆرەی ڕوانینی**"لاک"**مافی سروشتی ئەو مافانەیە کە بۆ تاکەکەسە. هەر لێرەوە بەو ئاکامە دەگات هەموو هەڵکەوتی سیاسی وەک سیستیمی دەستووردانان و دادپەروەری و... دەبێ لە خزمەت دابین کردن و پاراستنی مافی  تاکەکەس بێ. هەرلە درێژەی ئەو بیرە کاتێ لە پەیمانی جڤاکی دەدوێ، لەسەر ئەوە پێ دادەگرێ کە دەزگای دەوڵەت دەبێ لەسەر زۆرترین ڕەزامەندی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا بینا بکرێ و فەلسەفەی دەوڵەت تەنیا بۆ ئەوەیە کە ماف و دەستوور بسەلمێنێ و بپارێزێ. کەچی بە دیتنی**"هابز"** ئەگەر دەوڵەت تەنیا ئاسودەیی و ئاشتی بۆ  تاکەکەس تەرخان بکات، ئەوا تاکەکەس بەرانبەر بە دەوڵەت هیچ مافێکیتری نیە. بەڵام بە گوێرەی دیتنی**"لاک"** سەروەری نابێ و بۆی نیە لە دەرەوەی یاسا بێ، بەڵکوو یاسا دەبێ سنوور بۆ دەسەڵاتی ئەویش دیاری بکات و سەروەرییش دەبێ لە چوار چیوەی دەسەڵاتێکی یاساییدا خۆی پێناسە بکات. وەک دەبینین بە هاتنە ئارای بیر و ڕاکانی **"جان لاک"** بۆ یەکەم جار مەسەلەی دابەش کردنی هێز و جیاکردنەوەی دەزگای یاسا دارشتن و دەسەڵاتی دادوەری، دێتە ئاراوە و قەڵشێکی گەورە دەخرێتە ناو دەزگای بیری **"هابز"** ەوە.

لە ئاخر و ئۆخوری سەدەی هەژدەهەمدا تیۆری سەروەری لەلایەن"ژان ژاک ڕۆسۆ"ەوە بە جۆرێکی تر گۆڕانی بەر چاوی بەسەردا دێ و بیروڕاکانی ئەو گۆڕانێکی گەورەی لە هزری سیاسیدا دروست کرد. "ڕۆسۆ"لەو بیرمەندانەیە کە تیۆری دەسەڵاتداریەتی خەڵکی داناوە، کە لە ڕۆژگاری ئێستاشدا بە شێکە لە بنەماکانی سیستیمی دیموکراسی. لەتیئۆری گرێبەستی کۆمەڵایەتی کلاسیکیدا باس لە دوو جۆر گرێبەست دەکرا:

**یەکەم:** گرێبەستێکە کە خەڵکی لە گەڵ یەکتردا دەیبەستن و بە ڕەزامەندی هاوبەش لە گەڵ  یەکتردا ڕێک دەکەون بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاسایشی خۆیان بکەن.

**دووهەم:** ئەو گرێبەستەیە کە ئەوخەڵکە لەگەڵ دەسەڵاتدارەتییەکەدا دەیبەستن و حکوومەتی پێ دەسپێرن. "هابز" لەتیۆریەکەی خۆیدا گرێبەستی یەکەم لادەبا و گەیشتە حکوومەتی ڕەها.

کەچی بە پێچەوانەی **"هابز"** ، **"جان لاک"**تیئۆریەکەی خۆی لەسەر هەر دووگرێبەستەکە دامەزراند و گەیشتە حکوومەتی دەستووری. واتە لە گرێبەستی یەکەمدا خەڵکی لەگەڵ یەکتردا دەکەونە خۆ بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی سیاسی. بەڵام پاشان بە گرێبەستی دووهەم بە شێوەیەکی مەرجدار کاری حوکمڕانی بە دەسەڵاتدار دەسپێرن. **"ڕۆسۆ"**ش وەک**"هابز"** یەک گرێبەستی پەسەند کرد. بەڵام بە پێچەوانەی **"هابز"** بەرەو گرێبەستی جۆری یەکەم ڕۆیشت. واتە لە تیئۆری **"ڕۆسۆ"**دا ئەوە خودی خەڵکن کە سەرچاوەی دەسەڵات و بنەمای شەرعیەتی دەسەڵات پێک دێنن. ئەم تێگەیشتنەی "ڕۆسۆ" لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی، لە ڕاستی دا خوێندنەوەیێکی تازەبوو بۆ چەمکی سەروەری. واتە تێگەیشتن لە تیئۆری پەیمانی کۆمەڵایەتی لای "ڕۆسۆ"، پشت بەستووە بە تێگەیشتنی سەروەری لە فۆرمێکی نوێ دا کە بە گەلسەروەری ناسراوە .

وەک دەبینین چەمکیسەروەری لەتەمەنی خۆیدا ولە هزری بیرمەندانی سیاسیدا، داکشان و هەڵکشانی زۆری بە خۆیەوە دیوە. لە دەستپێکدا سەروەری لە پاشاوە گواستراوە بۆ دەوڵەت و پاشان لە قۆناغەکانیتردا بۆ تاک و ئینجا دواتر بۆ خەڵک و نەتەوە گەڕاندرایەوە.

ئەوەی تا ئێرە لەمەڕ پێناسە و دەم وکاتی سەرهەڵدانی چەمکی سەروەری خرایە ڕوو، وێنەیێکی بچوکە لە هزری بیرمەندانی ئەو بوارە. لەو ئاوڕدانەوەیەدا نیشاندرا چەمکی سەروەری لە بیری هزرمەندانی ئەو بوارەوە، هەڵگری مانایێکی چە بەستوی نەگۆری نەبووە. لە گەڵ گەشەی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان وهاتنە ئارای پێویستە نوێیەکان، پێناسەی چەمکی سەروەریش گۆڕانی بە خۆیەوە دیوە. واتە هاوکات لە گەڵ گۆڕانی دەسەڵات و حکوومەتی تاکەکەسی بە حکوومەتی میللی، چەمکی

سەروەریش لە پرۆسەی دیمۆکراتیزەبوونیدا لە مانا و پانتایەکیتری مێژوویی دا خۆی دیتۆتەوە.

بۆ نموونە، لەو سەردەم و بارودۆخەدا کە **"ماکیاول"** تیۆرییە سیاسیەکەی خۆی دەنووسێ، دۆخێکی بە تەواوی قەیرانی، ولاتی ئیتالیای گرتبوەوە. گرفتی سەرەکی ئەوە بوو کە شارەکانی دەوڵەتی ئیتالیا، بارودۆخێکی نالەباریان هەبوو. دۆزی ئاسایی شارەکان تێکچووبوو. ململانەی خێڵەکی، باری هێمنی وڵاتی شڵەژاندبوو.

سیستیمە سیاسییە جۆراوجۆرەکان سەقامگیریەکیان پێوە دیارنەبوو، هەر لەبەر ئەوەش یەک لە دوای یەک دەهاتن و دەڕۆیشتن. لە کەش وهەوایێکی وادا **"ماکیاول"** لەو بڕوایە دا بوو، لە هەمبەر مانەوە و بەهێزتر کردنی سیستیمی سیاسی قسەگەلیکی زۆری پێیە بیاندرکێنێت. ئەم تێگەیشتنە لە هەمبەر کارەکانی "**بۆدن**"یشدا هەر بە هەمان شێوەیە. پێناسەی"**بۆدن**"یش لە چەمکی سەروەری پێش هەرشتێک بەرهەمی بارودۆخیکی تایبەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو کە لەو کاتە دا باڵی بەسەر کەش وهەوای سیاسی لە فەڕەنسادا کێشابوو. فەڕەنسا لەو ڕۆژگارە دا لەبەر دەم شەڕێکی نێوخۆییدا بوو. ململانەی نێوان کلیسا و پاشا، سەقامگیری و ئاسایشی ئەو وڵاتەی خستبووە مەترسییەوە. لە هەر بەشێکی ئەو وڵاتە کۆمەڵێک ڕێگر لە حاند دەسەڵاتی پاشا قوت ببونەوە. فەرمان وبڕیارەکانی دەزگای بەڕێوەبەری وڵات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر فەرق و جیاوازی هەبوو. لەولاشەوە پاشای فەڕەنسا قایل نەبوو ئوتوریتەی پاپا قەبووڵ بکا. بۆ کۆتایی هێنان بە دۆخێکی وا، واتە بۆ بنەبڕکردنی پشێوی لە وڵات و پێکهێنانی ناوەندێکی بەهێز، تیئۆری سەروەری **"بۆدن"** دێتەوە ئاوارە. ساخکردنەوەی سەروەری لە فەڕەنسا و ماڵئاوایی لە کێشەکانی نێوخۆیی، بزوێنەری **"بۆدن"** بۆ ئەو کارەی بوو. ئەو پێی وابوو چەمکی سەروەری هۆکارێکی هەرە سەرەکییە بۆ یەکێتی و یەک دەنگی سیاسی لەو وڵاتەدا. کۆمەڵگایەکی سیاسی ئەگەر نەتوانێ وەڵامێکی ڕاستەقینە بە ساغکردنەوەی سەروەری سیاسی بدا، ناتوانێ درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی بدا.

هونەری گەورەی هزروانانی ئەم بوارەش لەوەدا بووە، هەستیان بە ئاستەنگ و مەترسی هەڵوەشانەوەی نەزمی مەدەنی وڵاتەکانیان کردووە و هانی ئەوانی داوە کە وەک بیرمەندێک بە دوای ڕێگا چارەسەردا بگەڕێن. بۆیە لێرەدا ڕەنگە بتوانین بڵێین تیئۆری ئەم بیرمەندانە هەم لەلایەکەوە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی قەیرانیی ئەو وڵاتەی پێوە دیارە و هەم لە هەمان کاتدا بەمانای وەڵامێک بۆ کۆتایی هێنان بە ئاڵۆزی و ناسەقامگیری لە وڵاتەکەیان بووە.

## چەمکی سەروەری لە پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا

## (ڕێکەوتنامەی ویستفالی)

دەوڵەت- نەتەوە داهێنانێکی نوێی ئوروپا بوو. لەو نێوەدا ئاشتی ویستفالی 1648لە دایک بوونێکی بە ئەسپایی بوو، بۆ چێ بوونی مۆدێلی دەوڵەت نەتەوە. هەنگاوی یەکەمی ئەو هەوڵە بریتی بوو لە کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەست پاشاکان و وەلانانی میراتگرانی چاخی فئودالی. لەباری مێژووییەوە بۆ یەکەم جار لێرەوە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە مانای کۆمەڵگەیەکی پێک هاتوو لە دەوڵەتانی سەربەخۆ وخاوەن سنووری دیاریکراو هاتە دنیای پراکتیکەوە.

ئاشتی ویستفالی لە چەند ئاقارەوە بۆ ژیانی سیاسی وڵاتانی ئوروپایی خاوەنی گرینگیەکی چارەنووس‌سازبوو. لە لایەکەوە کۆتایی بە شەڕی سی ساڵەی ئایینی کاتولیک و پرۆتستان هێنا. لەلایەکیتریشەوە سەربەخۆیی بواری سیاسەت بە فەرمی ناسراو کلیسا دانی بەوە دانا کە هەڵسوڕانی کار و باری دونیایی، پەیوەندی بە جیهانی ئەقڵ و سیاسەتەوە هەیە. لە ئاکامی بەرقەراربوونی پەیماننامەی ویستفالی و جەختکردن لەسەر پرینسیپی یەکسانی و سەربەخۆیی و سەروەریەتی، بۆ یەکەم جار کۆمەڵی نێودەوڵەتی لە دایک بوو. واتە بوونی کۆمەڵێک دەوڵەت کە دان بەسەربەخۆیی و یەکسانی یەکتردابنێن و بە یەکەوە بەگوێرەی ئەو ڕێسایانەی کە بە ویستی خۆیان قەبوڵیان کردووە، پێکەوە ژیانی بە ئاشتییان هەبێ. واتە لەگەڵ ویستفالی دا سەروەری دەوڵەتان بە فەرمی ناسراوە و دەوڵەت تەوەری بە سەرچاوەی سەرەکی ئاسایش هاتە ئەژمار. لێرەوە ئیتر دەزگای دەوڵەت و پرنسیپی سەربەخۆیی نێوان دەوڵەتان وەک نوێنگەی بەرزترین دەسەڵات و بە هێزترین هێز پێناسەکرا. بە هۆی ئاشتی ویستفالیەوە شەرعیەتێکی بەتەواوی مانا بۆ هێماکانی سەروەری وەک پاراستنی سنووری دەوڵەتان دانی پێدانرا و بە گوێرەی نەزمی ویستفالی هەموو دەوڵەتان لە چوارچێوەی خاکی خۆیان دا، خاوەن سەروەری تەواویان هەیە و  هیچ لایەک بۆی نیە

ئەو سەروەرییە خەوشدار بکا. لە بنەما هەرە دیارەکانی ئەوپەیماننامەیە: پرنسیپی یەکسانی نێوان دەوڵەتان لە ئەرک و مافدا (کاتولیک بێ یان پرۆتستان، پاشایی بێ یان کۆماری)بوو، بەو مانایە دەوڵەتان هەموویان لە یەک پلە دا دەبن و هیچ جیاوازێک بە هۆی ئایین و بە هۆی جۆری سیستەمی حوکمڕانی نابێتە هۆی ئەوەی ئەسڵی یەکسانی لە نێوانیاندا خەوشدار بکرێ.

پرنسیپێکیتری ویستفالی هاوسەنگی نێودەوڵەتی بوو. ئەم پرنسیپە وەک گەرەنتێیک بۆ جێبەجێکردنی پەیمانی ناوبراو هاتە ئاراوە کە دەوڵەتان بەڵێنیاندا بە هێشتنەوە و پاراستنی بارودۆخی سیاسی و هاوپەیمانەتی نێو دەوڵەتی بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی لە ئوروپا. بەومانایەی کە نابێ دەسەڵاتی سیاسی و هەرێمی هیچ دەوڵەتێک لەسەر حیسابی دەوڵەتێکی تر فراوان بکرێت. هەروەها بەرهەڵستی هەرچەشنە هەوڵێکی لەم چەشنە بدرێت کە ئاشتی نێودەوڵەتان تێک بدات. بەکورتی بڵێین: مێژووی چەمکی سەروەری لە پراکتیکدا بەرهەمی ڕێکەوتنامەی ویستفالی بوو، کە لە پاش شەڕە ئایینیەکانی ئوروپا واژوکرا. ویستفالی بەردی بناغەی چێ بوونی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە لەسنوورێکی دیاریکراوی سەرزەمینی دا. ئەم دەوڵەتانە بناغەی کۆمەڵگە ئوروپاییەکانی لەسەدەی شازدە بە دواوە بونیاد نا و پاشان ئەو مۆدێلە توانی بە هەموو وڵاتانی دیکە دا تەشەنە بکات. لێرەوە ئیتر بنەما و پرینسیپەکانی یاسای گشتی نێودەوڵەتی لەبونیات نانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی هاوچەرخ دامەزرا و بۆ یەکەم جار لەمێژوودا ئەسڵی سەروەری دەوڵەتان بوو بە بەشێکی جیانەکراوە لە سیستیمی حقوقی نێونەتەوەییدا.

# چەمکی سەروەری لەسەردەمی شە ڕی سارد دا

هێشتا بڵێسەی شەڕی کاول کارانەی دووهەمی جیهانی بەتەواو دانەمرکابووەوە، جیهان بەرەو ململانە و ناکۆکێکی نوێ ڕکێش کرا. تێکڕای وڵاتانی جیهان بە دەسپێکی ئەم ململانەیە لە نێوان دوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جێگیرکران. دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ڕوس، سەر قافڵە و کارگێڕی هەر دوو بەرەی دژبەربوون.

دەکرێت بڵێین لە پەیمانی ویستفالیەوە، هەتا لەبەر یەک هەڵوەشانی یەکێتی سۆڤیەتی لەساڵی 1989 بیرۆکەی سەروەری لە سەرووی لیستی پەیوەندییە نێودەوڵتیەکان و فەلسەفەی سیاسی مایەوە. لەوسەردەمەدا هۆکاری هەڵایسانی شەڕی دووەمی جیهانی وا دەست نیشان دەکرا کە ڕەنگە ئەو شەڕە ڕووی نەدایە، گەر هیتلێر سەروەری دەوڵەتانی دراوسێی خۆی پێشێل نەکردایە. هەر بۆیە لە ماوەی شەڕی ساردیشدا بیرۆکەی سەروەری هاوجووت بوو لە گەڵ بەرژەوەندی ستراتیژی هەر دوو بەرەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوا دا. خۆرئاوا پێ وابوو سەروەری وڵاتەکانی بەشێکە لە کەلەپوورو پێکهاتەی ئەو بەهایانەی هەڵگریەتی و بەمەش دەتوانێ ڕێگا لەبەرفراوان بوونی بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی بگرێت.

لەو لاشەوە یەکێتی سۆڤیەتیش خوازیاری ئەوە بوو خۆرئاوا دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دەست و پەیوەندی ئەو وەرنەدات. واتە بە چەشنێک هەر دوو بەرەی دژبەر سنوور و کەوشەنی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکتریان قەبووڵ کردبوو. هاوکات وڵاتانی جیهانی سێهەمیش کە تازە لە ژێر دەستی کۆلۆنیالیزم ڕزگاریان ببوو، بە مەبەستی جێ پێ قایم کردنی خۆیان جەختیان لەسەر پرنسیپی سەروەری نیشتیمانی خۆیان دەرکردەوە. هەر بۆیەش بوو لە سەردەمی شەڕی سارد و لە یاسای نێودەوڵەتی دا هەر جۆرە دەستێوەردانێکی کاروباری نێوخۆی دەوڵەتان دژی دەوەسترایەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە یاسای نێودەوڵەتی دەبەسترا کە

سەروەری دەوڵەتی بە دیاردەیەکی موتڵەق وپیرۆز لە قەڵەم دەدا و بە دایم دەوڵەتی لە حاند هەموو جۆرە دەستێوەردانێک دەپاراست. هەرلە درێژەی ئەو خوێندنەوەیە و بە پێی پرنسیپی یەکسانی دەوڵەتان لە سەروەری، ئەرک دەکەوتە ئەستۆی هەموو لایەک دەست لە کاروباری نێو خۆیی یەکتریش وەرنەدەن. لەو ڕۆژگارەدا دەوڵەتەکان دەیانتوانی بێ هیچ سڵەمینەوەیەک کوشتاری بەکۆمەڵ لە خەڵکی وڵاتەکەیان وەڕی بخەن، بێ ئەوەی ترسی ئەوەیان هەبێ بە هۆی ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوە بە دواداچوونیان لەسەر بکرێ. بە درێژایی هەموو ساڵانی شەڕی سارد، وڵاتانی خاوەن سەروەری نەتەنیا یاساکانی پاراستنی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤیان دادەڕشت، بەڵکوو بە پێی ویستی ڕەهای خۆیان ڕەوتی چۆنیەتی جێبەجێکردنیشیان لە پاوانی خۆ خستبوو. زۆر جار دەگوترێ یاسا ئامرازێکە بۆ ڕێگرتن لە زوڵم وزۆر ودەسەڵاتی ستەمکاری، بەڵام لە سەردەمی شەڕی سارد دا یاساکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان خۆیان بوون بەسەرچاوەی زوڵم و ناڕەوایی. لە ڕاگەیاندراوی پرینسیپەکانی یاسای نێودەوڵەتی لەمەڕ پەیوەندی و هاوکاری دۆستانەی نێوان دەوڵەتەکان، پەسەند کراوی 1970 دا هاتووە:

هەموو دەوڵەتان لە رووی سەروەرییەوە یەکسانن. دەوڵەتەکان ئەرک و مافەکانیان یەکسانە و سەرەرای جیاوازییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە ئەندامی یەکسانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دادەنرێن. یەکسانی یاسایی وا دەخوازرێ کە هیچ جۆرە دەست تێوەردانێک لە کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتەکانی دیکە ئەنجام نەدرێت کە بێتە هۆی نەهێشتنی سەروەری و سەربەخۆیی ئەو دەوڵەتە. لە چوار چێوەی ئەو نیزامەدا، سیستەمی یاسایی و رامیاری نێودەوڵەتی بەستراوە بە سەقامگیری دەوڵەتەکان بوو.

جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بە ڕاشکاوی ئەمە دەردەبڕێت کە رێزگرتن لە یەکپارچەیی خاک بنەمای سەرەکی پەیوەندییە نێودەولەتیەکانە.

بڕگەی1- لەبەندی -2- ی جاڕنامە لەم بارەیەوە دەڵێ:

ڕێکخراو لەسەر بنەمای پرینسیپی یەکسانی سەروەری هەموو دەوڵەتەکان دامەزراوە. بڕگەی-4-بەندی-2-ش حوکم لە هەموو وڵاتان دەکات کە: لە پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانی نێوان خۆیان دا هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز دژ بە یەکپارچەیی خاک یا سەربەخۆیی ڕامیاری هیچ وڵاتێکیتر نەکەن. هەروەها بڕگەی-7-لەبەندی-2ش دەڵێ: هیچ کام لەو ڕێسایانەی کە لەم جاڕنامەیە دا هاتوون، ئەو مافە بە نەتەوەیەکگرتووەکان نادەن دەست تێوەردانی ئەو کاروبارانەبکات کە بە شێوەیێکی خۆیی بە بەشێک لە دەسەڵاتی ناو خۆیی وڵاتان دادەنرێت. وەک دەبینین لە قۆناغی شەڕی ساردا چەمکی سەروەری بە یەکێک لە گرینگترین تایبەتمەندییە سەرکییەکانی دەوڵەت لە بۆاری پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان دێتە ئەژمار. لەو سەردەمەدا فاکتەرەکانی، دانیشتوان، سەرزەوی، بوونی حکوومەت و دەسەڵاتی سیاسی نەیاندەتوانی پێوەرێکی ورد و جیاکەرەوەی ئەم دیاردە ڕامیارییانە بن لە گروپبەندییە مرۆییەکانی دیکە. لەو نێوە دا پرینسیپی سەروەری بە تەواوکەری هەل ومەرجی ڕەگەزەکانی دەوڵەت دادەنرا. لەو ڕۆژگارەدا پرینسیپی سەروەری لە یاسای نێودەوڵەتی دا خۆی لەو سێ ڕەگەزە دا دەبینیەوە: یەکەم **سەربەخۆیی سیاسی.** دووهەم ،**ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی.** سێیەمیش، **یەک پارچەیی خاک.**

سەربەخۆیی ڕامیاری بەمانای سەروەرییەکە بۆ دەرەوە دەگەڕێتەوە و ئاماژەیە بە شوێنی دەوڵەت لەنێو ریزبەندی نێودەوڵەتی دا. واتای سەر بە خۆیی ئەوەیە کە هیچ دەسەڵاتێکی دەرەکی نەتوانێ بڕیار و ڕێساکانی خۆی بەسەر ئەودا بسەپێنێ.

ئۆتۆنۆمی ناوخۆیی یا سەروەری ناوخۆیی، بریتیەلە دەسەڵاتە پاوانکراوەکانی دەوڵەتێک لە بواری دیارکردنی هەلومەرجەکان وچۆنیەتی بوونی خۆی. ئەم لایەنە لە سەروەری ئاماژەیە بە کاروبارەکانی ناو خۆی دەوڵەت و شوێنی دەسەڵاتی باڵا لە نێو دەوڵەتدا و بڕیارەکانی پەیوەستە بە هەمووهاوڵاتی و گرووپ و دامەزراوەکان لەنێو کۆمەڵگە دا. لە دوای ئەو دوو ڕەگەزە ، دەگەینە ڕەهەندی یەک پارچەیی خاک. یەک پارچەیی خاک،

ڕەهەندی سەرزەوینی سەروەری لە خۆ دەگرێ و بریتیە لە دەسەڵاتی تەواو و پاوانکراوی دەوڵەت بەسەر کۆی دارایی و ئەو سامانانەی لەسەر و لە ژێر خاکی ئەو دەوڵەتەدا دەست دەکەون.

ئەم سێ ئەسڵە، بە درێژایی هەموو ساڵانی شەڕی سارد، بوون بە فریاد ڕەسێکی گەورە بۆ رژێمە دیکتاتۆرەکان بۆئەوەی هەر چەشنە مافخوازییەک لە گەرووودا بخنکێنن. لەو لاشەوە بۆ جینایەت وکوشت و بڕیان لە یاسای نێو دەوڵەتی شەرعیەتی پێویست وەربگرن. هەر دوو بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بە بیانووی ئەسڵەکانی ڕێزدانان بۆ سەربەخۆیی سیاسی و پاراستنی یەک پارچەیی خاکی دەوڵەتان، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چاویان لە ستەم وئیستیبدادی تاقەت پروکێنی دەوڵەتە دیکتاتۆرەکانی ناوچەکە پۆشی. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاکامی ئەو دۆخە دا کرایە قەڵای دیکتاتۆری و ستەم و چەوسانەوە. بەبەرچاوی هەموو دنیاوە هەزاران مرۆڤی کورد لە هەڵەبجە تووشی قڕ کردن هاتەوە، بەڵام هەموو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی وەک وشتری نێو پەمۆ متەقی لە خۆی بڕی و لەژێر دەمامکی دەستێوەرنەدان لە کار و باری ناوخۆیی دەوڵەتان پشتیان لە هەموو ئەخلاقێکی بە شەردۆستانە کرد.

گرفتی سەرەکی لەو ڕۆژگارە دا ئەوەبوو، پرنسیپی سەروەری دەوڵەتان وەک دیاردەیەکی پیرۆز و وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ و خەوش هەڵنەگر لێی دەڕواندرا. لەو نێوەدا ئەگەر چەند نموونەیەکی وەکوو پاکستان و دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیلی لێدەرچێ، نەخشەی سیاسی جیهان لە قۆناغی شەڕی سارد دا گۆڕانێکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینی و سنووری دەوڵەتان بە دەست لێنەدراوی مانەوە. بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ونەمانی سیستمی دووجەمسەری ئێتر بارودۆخەکە گۆڕانی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی. هەر لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ساردەوە تا ئێستا، بە دەیان دەوڵەتی نەتەوەیی لە دونیا دا دروست بوون و بەشی زۆریان بوونە ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەر لەو ساڵانەدا جوغرافیای سیاسی دەیان وڵات

گۆڕانی بە خۆیەوە دیوەو چەندین  نەتەوەی دورخراوەلەبازنەی دەسەڵات لەمەترسی قڕکردن و کوشتاری بەکۆمەڵ ڕزگاریان بووە.

وەک بینیمان لە ئاشتی ویستڤالی یەوە، تا کۆتایی هاتنی شەڕی سارد چەمكی سەروەری لە زومرەی گرینگترین تایبەتمەندییە سەرکییەکانی دەوڵەت لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان هاتە ئەژمار. بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە پرنسیپی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر بناغەی پارسەنگی هێز بەڕێوە چووە و ئەکتەری سەرەکێش لەو پەیوەندییانەدا دەوڵەت بووە .

بەکۆتایی هاتنی شەڕی سارد، جیهان پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و بە هاتنە ئارای کۆمەڵێک فاکتوری گرینگ و کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان، سیمای جیهان تووشی گۆڕانکاری گەورە هات. دەسپێکی ئەم ئاڵووگۆڕانەش بە نەمانی بلۆکی شەرق و دونیای دووجەمسەری هاتنە دی. بە جیهانی بوون و ڕووخانی دیواری برلین، یەککگرتنەوەی هەر دووبەشی ئاڵمان، کۆتایی هاتنی سیستیمی ئاپارتاید، هەڵوەشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەتی، سنووردداربوونی چەمكی سەروەری دەوڵەتان، هاتنە ئارای پرنسیپی دەستێوەردانی مرۆیی، پێک‌هێنان و دەست بەکار بوونی دادگایی تاوانبارانی شەڕ.... هەموویان پیشاندەری سەردەم و جیهانێکی نوێن.

بەکۆتایی هاتنی شەڕی سارد، جیهان پێی نایە قۆناغێکی تازەوە و بە هاتنە ئارای کۆمەڵێک گۆڕانکاری گرینگ لە پەیوەندییە نێونەتەوییەکان سیمای سیاسی جیهانی تووشی گۆڕانکاریەکی گەورە هات. دەستپێکی ئەم وەرزەش لە ئاستی پەیوەندییە نیونەتەوییەکاندا بە نەمانی بلووکی شەرق و دونیای دوو جەمسەری دەستی پێکرد. لێرەوە چەمكی سەروەری ڕەهای دەوڵەتان درزی تێکەوت و سەروەریی ودەسەڵاتی دەوڵەتان بە شێوەێکی حاشا هەڵنەگر سنووردار کرا. ئەگەر لەسەردەمی شە ڕی سارد دا پرینسیپی دەستێوەرنەدان لە کار و باری ناوخۆیی دەوڵەتان، بە وێنەی ئەسڵێکی خەوش هەڵنەگر لە یاسای نێودەوڵەتی دا لێی دەڕواندرا، بە بڕانەوەی شەڕی سارد، لا لەتێزی دەستێوەردانی مرۆیی کرایەوە.

دەستێوەردانی مرۆیی ئەگەر لە لایەک بەمانای بەرەنگاربوونەوەی بەکردەوەیە لە حاند پێشێلکردنی مافی مروڤ و کۆمەڵکوژی، لە لایەکیترەوە بەمانای ئەوەیە ئیتر شانۆی سیاسەتی جیهانی بە شێوەیکی ڕەها و خەوش هەڵنەگر لە لایەن دەوڵەتانی نەتەوەییەوە بەڕێوەناچێ. بە هاتنە ئارای تیزی دەستێوەردانی مرۆیی، چەمکی سەروەری ڕەهای دەولەتان قەڵش و درزی تێکەوت. بە فەرمی ناسینی ئەرکی دەستێوەردانی مرۆیی و کرانەوەی ناوچەی پاراستن و دژەفڕین بە هۆی بڕیاری 688 ی ئەنجوومەنی ئاسایش بۆ باشووری کوردستان، بەمانای دەسپێکی وەرچەخانێکی گەورەبوو لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا. لە زۆر شوێنی دونیا لە (سۆماڵی، بۆسنی، ڕاواندا، کۆسۆفۆ) ئەو بڕیارە وای کرد ئەو نەتەوانەی تا ئێستا بە هەر هۆیەک لە دەوڵەتی ناسیۆنالی خۆیان بێ بەش بوون و بەکردەوەوە هەوڵی قڕکردنیان درابوو، هەم توانیان لە تونا بوون ڕزگاریان بێ و هەم ببنە ئەکتەرێکی چالاک لە سیاسەتی نیودەوڵەتی بۆ گەیشتن بە دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان. لە هەر ڕوویەکەوە لەو دۆخە بڕوانین ئەم گۆڕانکاریانە مەسەلەیەکی کچکە و سادە و ساکار نەبوون. بە پێچەوانە ئەمە دەسپێکێکی هەرە گرینگی جیهانی دوای شەڕی ساردبوو. ئەم گۆڕانکاریانە بەمانای ماڵئاوایی کردن لە تێگەیشتنی کلاسیکی لە چەمکی سەروەری دەوڵەتان بوو. ئەم پرنسیپە، سەروەری نیشتیمانی دەوڵەتی وەک کەسایەتەکی یاسای نێودەوڵەتی هێنایە بەزندان و لە پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی نوێ لە دایک بوون. دیارەلیرە دا کاتێک باس لەوە دەکرێ چەمکی سەروەری دەوڵەتان درز و قەڵشی تێکەوتووە، بەمانای ئەوەنیە لە دوای بڕانەوەی شەڕی سارد تەمەنی دەوڵەتانی نەتەوەیی بەسەرچووە، بەڵکوو مەبەست ئەوەیە بگوترێ بە گۆڕان لە ستروکتوریی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، سەروەری دەوڵەتانیش سنووردار کراوە. بەو مانایە هەر وەک دەوڵەتان مافی سەروەریان هەیە ، لە هەمان کاتیشدا بە شێوەی جۆراوجۆر لە ژێر کونترۆل و چاوەدیری یاساکانی نێودەوڵەتی دان. لە جیهانی ئەمرۆدا دەوڵەتان مەجبور کراون یاسا و پەسەند کراوەکانی نێونەتەوەیی بە ڕێوەبەرن و بەشێک لەسەروەری خۆیان ڕادەستی هێزێکی بانەتەوەییتر بکەن. پاریزگاری

کردن لە مافەکانی مرۆڤ و پێشگرتن لە کوشتاری بەکۆمەڵی نەتەوە ژێردەستەکان لایەنێکی هەرە دیاری ئەم یاسا و پەسەندکراوانە لە خۆدەگرن. لە جیهانی ئەمرۆدا پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن دەوڵەتەکانەوە بە یەکێک لە نیگەرانییە سەرەکییەکانی سیستەمی نێودەوڵەتی لە قەڵەم دەدرێت. لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و لەگەڵ دەسپێکی سیستەمی نوێی جیهانی و لەگەڵ پەرەگرتنی باهۆزی مافی مرۆڤ دوو دادگای تایبەت بۆ لێپرسینەوەو دادگاییکردنی تومەتباران بە ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی هاتنە ئاراوە. لەوانە دادگای لێ پرسینەوەی نێودەوڵەتی تایبەت بە یوگسلاوی لەساڵی 1993و ڕواندا لە ساڵی1994بۆ دادگاییکردنی ئەو کەسانەی کە بەرپرسیاربوون لە کردەوەکانی لەناوبردنی بەکۆمەڵ، دوو نمونەی هەرە زیندووی ئەو ڕاستییەن. ئەو فاکتانە نیشان دەدەن لەسەردەمی ئێستادا یاسای گشتی نێودەوڵەتی تەنیا تایبەت نیە بە دەوڵەتەکان، بەڵکوو پەیوەندی نێوان دەوڵەتەکان و تاکەکان و نەتەوەکانیش دە گرێتەوە. هەموو نیشانەکان لەوە دەدوێن نۆرم و بەهاکانی مافی مرۆڤ بە خێرایی بەرەو ئەوە دەڕوا جێگای خۆی لەنێو یاسا نێودەوڵەتیەکانیش دا بکاتەوە. پەرەگرتنی بێ وێنەی تۆڕی پەیوەندیەکان و ڕوڵی میدیاکان و ئینتەرنێت و دەس پێڕاگەیشتنی مرۆڤی ئەم سەردەمە بەم ئامرازانە، مەسەلەیەکی بچووک و بێ بایەخ نین. ئەمڕۆ بەسەرنجدان بەوەی کە پرسی پاراستنی مافی مرۆڤ ڕۆژ بە ڕۆژ گرنگی بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی زیاتر دەبێ وبەسەرنجدان بەوەی کە تا ئێستا سەدان بڕیار و ڕاگەیاندراوی کۆنڤانسیونی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەم بارەیەوە پەسەندکراون، وا بەرچاو دەکەوێ کە ڕێسا قەدەغە کراوەکانی یاسای نێو دەوڵەتی لەمەڕ بەرپرسایەتی دەوڵەتەکان بۆ پاراستن و لەبەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ تایبەتمەندێتی نێودەوڵەتی وەرگرتبێ.

لە ڕابردوودا فاکتۆرە نێوخۆییەکان هێزی بزوێنەری پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هۆکاری گۆڕینی دەوڵەتەکان بوون، کەچی هۆکارە دەرکییەکان کۆسپ و تەگەرەی سەر ڕێگای ئەم ڕەوتە بوون. بە کۆتایی هاتنی تێگەیشتنی کلاسیکی لە چەمکی سەروەری، ئەم دۆزەش گۆڕانی

بەسەردا هاتووە و دەشێ لەمەولا فاکتەری نێوخۆیی و دەرەکی تەواوکەری یەکتری بن. ڕووخانی حیزبی بەعس لە عێراق، قەزافی لەلیبی، دوونموونەی هەرەبەرچاوی ئەو ڕاستییەن. هاوتەریب لە گەڵ ئەوانە، لە ژێرکاریگەری شۆرشی ڕاگەیاندن و زانیاریی و بە جیهانی بوون و پەرەسەندنی سیستەمی نێودەوڵەتی، هۆکارێکی تەواوکەری تر بوون بۆ لەق بوونی سەروەری ڕەهای دەوڵەتان. جیهانی ئەمڕۆ گەشەیەکی بێ وێنەی تەکنۆلۆژی پەیوەندیەکانی بەخۆیەوە دیوە. ئەمڕۆ تۆرێکی جیهانی پەیوەندیگرتن بەشە جیاجیاکانی جیهانی بەیەکەوە گرێداوە. ئەوەی چارەگەسەدەیەک لە مەوبەر وەک خەون و فانتازیایەک دەچوو، ئێستا بووتە واقیعێکی تەکنۆلۆژی. ئەمڕۆکە واقیعی تەکنۆلۆژی سنووری خۆماڵی وڵاتەکانی تێپەڕاندوە و لە بیچمی ئینتەرنێت وکۆمپوتەر و مانگی دەستکرد دا ئامادەیە. لە هەر ڕوویەکەوە لە پێشکەوتنەکانی دنیای تیکنۆلۆژی سەردەمی ئێستابڕوانین لەگەڵ ڕابردوو جیاوازی بنەڕەتی هەیە. جیهانی داهێنانی پەیوەندی کۆمپیوتەری زۆر جیاوازە لە جیهانی دۆزینەوەی هێزی هە لم. ئەو سنوورانەی لەسەردەمی هەڵم و ڕادێۆ و تلگراف نەدەبڕان، ئەورۆکە بە سانایی دەبڕێن و مانایێک بۆ دووری ناهێڵنەوە. لە ڕووی توانای پەیوەندیکردنەوە سەردەمی ئینترنێت وکۆمپیوتر، سەردەمی بەزندانی سنوور و لێک نزیک کردنەوەی هەرچی زیاتری جوغرافیایەکانە بەیەکدی. لە کۆیی ئەم جیهانە هێڵی پێوەندی ئیلکترۆنی هەبێ، ئەویش لەوێ حازروئامادەیە. لە سەردەمێکی ئاوادا دەوڵەتەکان چیدی ناتوانن لەناو سنووری پۆلاییینی خۆیاندا سیاسەیەتی جینۆسایدو قڕکردن و کوشتاری بەکۆمەڵ بە ڕێوە ببەن و لە ڕای گشتی جیهانی وەشارن. لە سەردەمێکی وەک ئەمڕۆ، کە ئینفۆرماسیۆن و ڕاگەیاندن بە خێرایی بۆ دورترین کەلێن و قوژبنی ئەم جیهانە دەگوێزرێتەوەو لەو کاتەی تەلەفیزیۆنەکان ڕۆژانە هەواڵ و دیمەنی خەماوی بەمرۆڤ دەگەێنن، ڕای گشتی وەک هیزێکی شاراوە دەجووڵێنی. هەر چەندە ئەمڕۆ هیچ دەستوور و جاڕنامەیەک بە ڕاشکاوی ئاماژەی بە پیگەو ڕۆڵی ڕای گشتی لەناو کۆمەڵگا مرۆییەکاندا نەکردەوە، بەڵام ڕاستی یەکەی ئەوەیە هیچ سیستەمێکی سیاسی ناتوانێ بێ سەرنج دان بەم لایەنە

گرینگه بەردەوامی و سەرکەوتنی پێویست به دەست بهێنێ. کاتێ له دوای ڕاپەرینەکەی به هاری ساڵی 1991 ی باشووری کوردستان، دەوڵەتی عێراق له زەوی و ئاسمانەوه هێرشی هێنایەوه سەر کوردوستان، ڕای گشتی جیهانی ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا بۆ ئەوەی کۆچی بەکۆمەڵی کورد تووشی مەرگەساتی زۆرتر نەبێ. بڕیاری ناوچەی پاراستن ودژه فڕینی باشووری کوردستان، بەشێکی بۆ هەوڵەکانی ڕای گشتی دەگەڕایەوه که دەوڵەتەکانی ناچار کرد بیر له چارەسەرێک بکەنەوه. بەکورتی بڵێین: به هۆی پەرەگرتنی خیرا وچاوەڕواننەکراوی تەکنۆلۆژی لەم ساڵانەی دواییدا، ڕای گشتی هۆکارێکی گەورەبوو بۆ گۆرانی یاسای کلاسیکی یاسای نێودەوڵەتی. ئەگەر له ڕابردوودا یاساناسانی کلآسیکی پێانوابوو دەبێ یاسای نێو دەوڵەتی تەنیا بایەخ وگرینگی به ماف و ئەرکی دەوڵەتان بدات، لەسەردەمی ئێستادا زۆر جار له ژێر تەوژمی بیروڕای گشتی جیهانی دا و به هۆی ڕەوتی پێشکەوتن و پەرەسەندنەکانی دنیای ئەمڕۆ وەزعەکه گۆڕانی به خۆیەوه دیوه. ئێستا ئیتر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، تەنیا بریتی له دەوڵەتان نییه ودەوڵەتیش تەنیا تاکەکەسی نێو دەوڵەتی نایەته ئەژمار. هەر بەوپێیەش یاسای نێودەوڵەتیش تەنیا بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێودەوڵەتان کورت ناکرێتەوه.

کۆتایی پێهاتنی شەڕی سارد، هەندێ گۆڕانکاری دیکەشی له گەڵ خۆی دا هێنا. ڕزگارکردنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان له ڕۆڵی لاوازی جارانی و خستنه گەڕی بۆ ئەوەی دەوری کاریگەری لەسەر ئاستی دنیا هەبێ، گۆڕانکاری‌یەکیتری جیهانی دوای شەڕی سارد بوو. بۆ ئەم مەبەستەش چ رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان وچ رێکخراوەناحکومییەکان دەستییان کرد بەتێکۆشانێکی بەر فراوان. ئه گەر مرۆڤ لەساڵی 1989وه تا ئەمرۆ لەو پرۆسەیەبڕوانی، بەباشی ئەوه بەدی دەکات ژمارەی ڕێکخراوەناحکوومیەکان ڕۆژ به ڕۆژ له زیاد بوون دابوون و پانتایی تێکۆشانی ئەو ڕێکخراوانه هەتا دێ ڕووله گەشه و بەخۆداهاتوون دابوون. به کورتی بلیێن بەبڕانەوەی شەڕی سارد و جیهانی دوو جەمسەری و پەرەگرتنی خێرای سیماکانی سیستەمی به جیهانی بوون، پێناسەی سەروەری

لە یاسای کلاسیکی نێودەوڵەتیدا گۆڕانی بەرچاوی بە خۆیەوەبینیوە. سەروەری ڕێژەیی و سنووردا، جێگای بە سەروەری ڕەها و بێ سنوور لێژ کردووە. پرینسیپی دەستێوەرنەدان لە کار و باری نێوخۆیی دەوڵەتان بە کردەوە ماڵئاوایی لێکراوە و لە زۆر جێگا تێزی دەست تێوەردانی مرۆیی باڵی بەسەر پەیوەندییە نێونەتەوەییەکاندا کێشاوە. ئەم ڕاستییانە سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێ لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی سارد، دەرفەت گەلێکی نوێ بۆ نەتەوە ژێردەستەکان ڕەخساوە کە دەتوانێ لە جێگا و شوێنی خۆیدا دەسکەوتی گەورە و پڕ بایەخی لێ بە دەست بهێنرێ. ئەوەی لەو چەند ساڵەی دواییدا بە ئاشکرا دیارە ئەوەیە، دەوڵەت تەنیا بکەرێک نیە لە شانۆی سیاسەتی جیهانی دا. بەڵکوولە پاڵ ئەودا نەتەوەیەکگرتووەکان و کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان و سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆڕ و کۆمەڵەی ژینگە پاریزەرەکانیش هەن. بوون و چالاک بوونی هەموو ئەوانەش بەمانای ئەوەیە چەمکی سەروەری دەوڵەتان سنووردار کراوە. هەموو ئەو هێزە نوێیانە وایان کردووە لە ئاستی جیهانیدا دەوڵەت چیتر تاقە یاریکەرێک نەبێت، بەڵکوو لە پاڵ دەوڵەتدا ئەو ناوەند و هێزە نوێیانەش لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەوڵەتان کاریگەرییان هەبێ. بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەوانە دەتوانین بڵێین جیهانی ئەمڕۆ لە زۆر بارەوە جیاوازە لەگەڵ سەردەمی شەڕی سارد. ئەم جیاوازییەش تەنیا لە ڕووی گەشەکردنی بێ وێنەی تەکنۆلۆژیاوەنیە، بەڵکوولە ڕووی سیاسی و ئابووری و کولتووری و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی ژیۆپۆلیتیکی جیهان فەرق و جیاوازیی هەیە.

هەر لەکاتی ڕووخانی دیواری بەرلینەوە تا ئێستا لەنێو شارازایانی سیاسەتی جیهانیدا، گفتوگۆیەکی دوور و درێژی دەربارەی سیستەمی سیاسی جیهانی دوای شەڕی سارد هێناوەتە ئاراوە. پرسیار لەو ڕووەوە دەکرێ ئەو سیستەمە پشت ئەستور بە چبنەماڵەگەلێک دەبێ و دەیهەوێ خۆی چۆن بناسێنێ؟ لە کوێدا لەسیستەمی بەریی ماڵئاوایی دەکا و لە چ بەستێن گەلێک دا خۆی بە درێژەدەری دە زانێ؟ مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و چەوسانەوە و کۆیلەتی نەتەوە ژێردەستەکان لە لایەن ڕژێمە دیکتاتۆرەکانەوە، لەکۆیێ ئەو سیستەمە دا خۆدەبیننەوە؟ داخوا جیهانی دوای شەڕی سارد، سیستەمێکی یەکجەمسەری دەبێ یا خۆ چەند جەمسەری؟

لاکردنەوە لە هەرکام لەو پرسیارانە، خۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیکی بابەتیانەی ترە و لە وتارێکی وادا ڕەنگە نەکرێ وڵامێکی سەرڕاست و خەست و خۆڵیان پێ بدرێتەوە. بەڵام ئەگەر بمانەوێ هەرچەند بە کورتیش بووبێ چەند روخسارێکی سیستەمی نوێی جیهانی پاش شەڕی سارد بخەینە ڕوو، ئەوا دەکرێ بڵێین: زۆربەی شیکەرەوە ستراتیژییە نێونەتەوەییەکان لەو بڕوایە دان کە سیستیمی نوێی جیهانی لە ئاکامی ئەو گۆرانکاریانە هاتنە ئاراوە کە بەرەی وڵاتانی سۆسیالیستی لەسەر نەخشەی سیاسی لابرد و کۆتایی بەململانەی لە مێژینەی ئایدولۆژی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دا هێنا. هاوکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی ئەو ململانەیە کەش وهەوایێکی تر بە گشتی لە هەموو جیهاندا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاست بەتایبەتی باڵی بەسەر پیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا کێشا. بەر لە هەرتشت بە نەمانی بلۆکی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بە هانەی ئەو ناکۆکی و شەڕە ناوچەییانەی نەهێشت کە زۆربەیان بەرهەم و ڕەنگدانەوەی کێشەی نێوان هەر دوو بلۆک بوون، یاخود ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شەڕی نێوان بەرژەوەندی ئەوان بوون و لە جیاتی ئەوان دەکران. هەردوولا، بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بۆ پرینسیب و باوەڕو بەها ئەخلاقییەکانی خۆیان بکەن، پشتگیری دیکتاتۆرترین ڕیژیمییان

دەکرد. ئەو ڕیژێمانە هێز و توانای بەردەوام بوونی خۆیان، یان لە "جیهانی ئازاد" و یان لە " جیهانی سۆسیالیستی" یەوە وەردەگرت. لە ڕاستیدا بەلای نوێنەرانی هەر دوو بلۆکەوە ئەوە گرینگ نەبوو کەلەکوێ مافی مرۆڤ پێشێل دەکرێت، لە کوێ ستەم و جینۆساید بەڕێوە دەچێت، بەڵکوو ئەوە گرینگ بوو کە کێ ئەم تاوانە ئەنجام دەدا! دۆست یان دوژمن! تاوانی دەوڵەتان تەنیا ئەو کاتە، لای ئەم یان ئەو بلۆک بەتاوان دادەندرا ئە گەر تاوانبار دەوڵەتێکی نەیار بوایە.

هەریەک لە ئامریکا و سۆڤیەت دەستێکی ئەمینی پاراستنی سنوور و کەوشەنی ئەو ڕیژیمانە بوون. دیارە ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی وەک پرینسیب ئەو سنوورانەیان پێ پیرۆزبووبێ، بەڵکوبۆ ئەوەی هیچ کام لەو دەوڵەتانە هەڵنەوەشێنەوە پارسەنگی هێزی یەکیان لە ئەویتریان پتر نەبێ. بەڵام بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد و لە ئەنجامی بڕانەوەی ئەم ململانەیە دۆخی سەقامگیری ئەو دەوڵەتانەش گۆڕانی بەسەرداهات و بەتەنیا مانەوە. هەر بۆیە ئیتر زل هێزەکانیش لەوە ناسڵەمێنەوە کاتێ ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارێک بۆ تەمبێ کردنی دەوڵەتێک پەسەند دەکات، هەست بە گرفتەکانی سەردەمی شەڕی سارد بکەن. دیارە کاتێ لێرە دا باس لەنەمانی شەڕی سارد و لاواز بوونی سەروەری دەوڵەتان دەکرێ، مەبەست ئەو نیە سروشتێکی ئەفسانەیی بە دوکتورینی جیهانی دوای شەڕی سارد بدەین. نووسەری ئەو دێرانە ئەو وەهمەی لا نیە بە کۆتایی هاتنی شەڕی سارد مرۆڤی ئەو سەردەمە پێی ناوەتەناو دوورگەی خۆشبەختی و بەختەوەری و سەروەری بەمانای ڕاستەقینەی وشە بۆ خاوەنانی خۆی کە ئیرادە و دەنگی خەڵک بێ، گەڕابووبێتەوە. هێنانە گۆڕی ئەم باسە بۆ ئێمەی کورد لە هەموو کەس گرینگترە. ئێمە دەبێ خوێندنەوەێکی واقیعیانەمان لە سیاسەتی ئەمرۆی جیهانی هەبێ و بۆمان نیە لەو تاو و تووکردنەدا نە تووشی ڕەشبینی بین و نە دوچاری تێگرتن و زیادە ڕۆیی. واتە نە دەبێ پێمان وابێ سەردەمی ئێستا هەر هەمان ڕۆژگاری شەڕی ساردە و چ هەل ودەرفەتێکی نوێ نەهاتووەتە گۆڕێ ونە لە کاتی هەڵسانگاندنی قۆناغی دوای

شەڕی ساردیش خۆمان بە زیادەوە تووشی گەش بینی بکەین. بارودۆخەکەی ڕۆژگاری ئێستا، هێندە هەستیارە هەر دوو خوێندنەوەی هەڵە دەتوانێ ئێمە تووشی زیانی گەورەبکات. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا خوێندنەوەی واقعبینانە بریتی لەوەیە لە تەک هەر دوو ئەوخوێندنەوەیەی باسی لێوەکرا، سنووربەندی دیار و ئاشکرامان هەبێ. بۆ وێنە ئەگەر باس لە هەل و دەرفەتی نوێ لەباری دوای شەڕی سارد دەکەین، پێویستە لە گرفت و کەند و کۆسپەکانی نەزمی نوێ جیهانی ئەمرۆش بدوێن.

هەر دوور نەڕۆین ئێستاشی لە گەڵ بێ لە بەرنامەی گرینگترین ڕێکخراوی جیهانیدا، واتە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پرەنسیپی مافی دیاریکردنی چارەنووسی میللەتان واتایەکی دوو لایەنە و ناکۆکی هەیە. بۆ وێنە لە لایەکەوە باسی پاراستنی سنووری دەوڵەتانی لە بەرنامەکەی دا گونجاندوەوە و لە هەمان کاتدا ئەو مافە بەنەتەوەکان بەڕەوا دەزانێ بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆیان بدەن و ئەو ڕێگایە هەڵبژێرن کە مەبەستیانە. یا خۆ لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخێکی نائاسایی کە ڕووبەڕووی هێندێک نەتەوە بووەتەوە، بۆ بەرگری لە کوشتاری بەکۆمەڵ خوازیاری دەستیوردانی مرۆیی بووە و بەم کارەی قەڵش و درزی خستۆتە ناو سەروەریی دەوڵەتەکانەوە. ئێمە دەتوانین وێنەیەکیتری ئەم ناتەباییانەی لە جۆری ڕوانین کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەدی دەکرێ، لە حاند دۆزی کورد دا وەبینین. بۆ نموونە کورد لە باشوور تا ئاستی هاوپەیمانەتی لە گەڵ زلهێزەکان دێتە ئە ژمار، بەڵام بەشێکیتر لە ئەندامانی هەر ئەم نەتەوەیە لە باکووری کوردستان حیسابی تیرۆریستی بۆ دەکرێ و لە حاند ستەم و چەوساندنەوەی کوردی ژێر دەستی ئێران سوریەش بەکردەوە بێدەنگی دەکرێتەبەر. یا خۆ لە هەمبەر سەرکوتی بێ بەزییانەی تامیلیەکان، کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی بچوکترین دژکردەوەیەکی لێ نەدیترا. هەرلە درێژەی ئەم دوو راستییە لە هەڵوێستی کۆمەڵگای نیو دەوڵەتیدا دەتوانین ئاماژە بە لیبی وسوریە بکەین. لەکاتێکدا لەماوەی کەمترلە دوو حەوتوودا لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی لیبی تێپەڕ نەبوو بڕیاری کرانەوەی ناوچەی پاراستن و دژە فڕین پەسەند کرا، بەڵام ئەوا پتر لە 6

مانگە خەڵکی سوریە ڕۆژانە دەدرێنەبەر دەستڕێژ و ڕۆژ نیە خەڵکی بێ تاوان بەر گولەنەدرێن، کە چی چ کردەوەیێکی شیاو لەکۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بە دی نەکراوە. ئەو فاکتانە نیشان دەدا ئەگەر سەردەمی شەڕی سارد سەروەری دەوڵەتان کرابووە بیانوێک بۆ بە هانانە هاتنی مافەکانی مرۆڤ، لە ڕۆژگاری ئێستاشدا بەرژەوەندی نەتەوەیی زل هێزەکان بۆتە پاساوێک بۆ چاونوقاندان لە حاند دەست درێژی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆسەرگیان و ماڵی خەڵک.

ڕووداوەکانی سوریە بۆ زۆر کەس ئەو پرسیارەی هێناوەتە پێشێ، تۆ بڵێی، تێزی دەست  تێوەردانی مرۆیی تەنیا لەو وولاتانە لای لێ بکرێتەوە کە بیرە نەوتیەکانی تێدا بە دی دەکرێ؟ دیتنی ئەو ڕاستیانە نیشاندەدا لە هەلو مەرجی ئێستادا تایبەتمەندی نەزمی جیهانی لەوە دایە، نە درێژەی سیستەمی بەریی یە و نە بە تەواوی لە گەڵ دکترینی سەردەمی شەڕی ساردیش ماڵئاوایی کردەوە. بەو مانایە ئەگەر لەلایێک لە حاند کوشتاری خەڵکی سوریە و ... بێ دەنگی  دەکرێ، بەڵام لە هەمان کاتدا لە چەند بەرگەیێکی مێژووی جیهانی دوای شەڕی سارد مەسەلەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و نەتەوە ژێردەستەکان لە پاراستنی بیرۆکەی سەروەری نەتەوەیی دەوڵەتانی پێ گرنگتر بووە.

ئەم دۆخە وا دە خوازێ ستراکتوری نوێی جیهانی پێناسەیێکی ڕوون و ئاشکرای بۆ بێتە ئاراوە و بۆ ڕزگاربوون لە دوو فاقییەتی یە و بۆ ماڵئاوایی کردن لە گەڵ ئەو پەسەندکراوانەی کە هێشتا شەقڵ و مۆری سەردەمی شەڕی ساردیان پێوە دیارە، هەنگاوی پێویست بنرێ.

ئەم نموونانە نیشان دەدا سیستیمی نوێ جیهانی هێشتا لە قۆناغی گواستنەوو لە دۆخی داڕشتن و گەڵاڵەبووندایە و نەیتوانیوە  دوافۆرمی خۆی وەربگرێ. نەزمی شەڕی سارد بە رووخانی دیواری بەرلین بوو بە شێک لەمێژوو و دەبێ ئێستا لە کتێبە مێژووییەکاندا بە دوای دا بگەرێیت. بەڵام ئەوەی لە دوای شەڕی ساردیش هەوڵی بۆ دەدرێ، هێشتا نەیتوانیوە خەسڵەتە یاسایی و

سیما سیاسیەکانی ئەم سیستەمە دوایین بڕیاری بۆ بدرێت. تا ئێستاشی لە گەڵ بێ پارسەنگی هێز و ململانەی نێوان زلهێزەکان بەتەواوی یەکلا نەبووتەوە. لە کاتی ڕووخانی دیواری بەرلینەوە تا کاتی هێرش بۆ سەر عێراق، ئامریکا هەوڵێکی زۆری دا خۆی وەک تاقە ڕێبەری جیهانی دوای شەڕی سارد بناسێنێ. بەتایبەت لە دوای ڕووداوەکەی 11ی سپتامبر، ئامریکا ئەو پە ڕی هەوڵی خۆییدا بەزەق کردنەوەی مەسەلەی ئاسایشی جیهانی و مەسەلەی تیرۆر، ئەم پۆزیسیۆنە بۆخۆی بەدەستبێنێ. بەڵام چەقینی ئامریکا لە عێراق وپاشان لە ئەفغانستان و ئینجا دواتر قەیرانی ئابووری ئەو وولاتە نیشانیدا، بڕینی ئەو رێگایە هێندەش بێ کەند ولەند نیە.

ڕاستە ئامریکا وڵاتێکی گەورەی 200 میلیۆنیە. لەباری ئابوورییەوە، پیشەسازییێکی یەکجار گەشەکردوو و کشتوکاڵێکی بەر فراوانی هەیە و خاوەنی تەیارترین چەک و جبەخانەی شەڕە و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا هیچ وڵاتیک بەتەنیایی ناتوانێ خۆی لە قەرەی بدا، بەڵام لەو لاشەوە ئامریکاش بەتەنێ ناتوانێ دەرەقەتی ئەو هەموو گرفت و ئاڵۆزیانەبێ کە لە جیهانی ئەمرۆدا دێنە ئاراوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دنیای ئەمرۆ، بوونی کۆمەڵێک گرفت و کێشەی گەورەیە لە جیهاندا کە بە هیچ جۆرێک بە هێز و ئیرادەی تاقە دەوڵەتێک چارەسەر نابێ. مەسەلەی ژینگە پارێزی، گرفتی هەژاری، مەسەلەی پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ، تاوانی نێودەوڵەتی و ئاسایش و پێشگیری لە قڕکردن وکوشتاری بەکۆمەڵ... لە زومرەی ئەو کێشانەن کە دەبێ کۆمەڵگای جیهانی وولامیان بداتەوە و پێویستی بە هاوکاری تێکڕای دەوڵەتەکانە.

لە لایێکی دیکەشەوە ئەوە ڕاستە بە نەمانی یەکێتی سۆڤیەتی بەری ئامریکا ڕەکەبەرێکی گەورەی لەکۆڵ کەتەوە، بەڵام هەرئێستاکەش روسیا هێزێکی "بیلقوە"ی هەیە کە ئەگەر لە دەست گیروگرفتی نیوخۆیی ڕزگاری بێ، دەتوانێ جارێکی دیکە وەک زلهێزێک بێتەوە ناو گۆڕەپانەکە. لەو لاشەوە

وولاتی "چین"ه کە توانیویە تا ئاستی زلهێزێک خۆ بداتە پێش. پانی و بەربلاوی وڵاتەکەی، سەرچاوەسروشتیەکانی، هەڵکەوتی ناوەندەتی لە ئاسیا دا، حەشمیەتی زۆر، هێزی نیزامی و توانای پەرە پێدانی چەکە ئەتۆمییەکانی، ریتمی گەشەکردنی بێ وێنەی، لەو هۆکارانەن کە زلهێزێکی بە هێزیان لە جێدا پێکهێناوە.

لەولاشەوە ئوروپای یەکگرتوو ڕاوستاوە و ئەمریکا ناتوانێ هەروا بە هاسانی حیسابێکی جیدی بۆ نەکا. ئەوروپا لە چەند دەوڵەتێک پێکهاتووە و لەباریی ژیانی ئابووری و دەسەلاتی پیشەسازییەوە یەکەێکی گرنگ دێتە ئەژمار. بەر لە هەرس هێنانی رێژیمی سۆڤیتدا، ئوروپا دووکەرت بوو. کەرتێکی سەر بە بەرەی سوڤیت بوو، کەرتەکەی دیکەش بریتی بوو لە ئوروپای ڕۆژئاوا. ڕووخانی رێژیمی سوڤیت ئەوهەلەی ڕەخساند کە ئوروپا بەرەو یەکگرتن بچێ و لەو کاتەوە تا ئێستا ختۆکەی خستوتە نێو دڵی هەموو وولاتانی ئوروپاییەوە کە دەگەڵی بکەون. ئوروپای هاوبەش ئەو زەرفیەتەی هەیە بتوانێ هێزی نیزامی وئابووری تێکەڵ بەیەک بکا و وەکو ڕکەبەرێکی ئامریکا بێتەمەیدان ودەنگ هەڵاوێ. ئەم دۆخە جیهانییە، کە هێشتا وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی بە خۆیەوە نەدییوە و مەسەلەی چۆنیەتی پارسەنگی هێزی دەوڵەتەکان بەتەواوی یەک لایی نەبووتەوە، هەل و مەرجەکەی بەرەو حاڵەتێکی ناڕوون و هەڵپەسێراو بردووە. بەو مانایە ئەگەرلەلایەک کەش وهەواکە بە زۆری بە ویستی ئامریکا چۆتە پێش، بەڵام هێندێک جاریش لە ئاکامی ڕەخنە و گازندە و مل نەدانی وولاتانی ئوروپایی ناچاربە شەراکەت کراوە.

کورد لە سەردەمی شەڕی سارددا تووشی گەورەترین نسکۆ و خەسارییی نەتەوەیی هات. هەر لە دەسپێکی شەڕی سارددا کورد یەکێک لەو نەتەوانە بوو کرایە قوربانی بەرژەوەندییەکانی جیهانی دووجەمسەریی.
هەرەسی کۆماری کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول، دوو وێنەی هەرە زیندووی ئەو ڕاستییەن. دوو ڕژیمی داگیرکەری تورکیە و ئێران لە بەرەی ڕۆژئاوادا بوون. دوو ڕژیمەکەی سووریە و عێراقیش لە بەرەی سۆڤییەت جێگر ببوون. لەوڕۆژگارە ئەنگوستە چاوەدا هەردوو جەمسەر لە پێناوی بەرژەوەندییەکانیاندا پشتیوانی داگیرکەرانی کوردستانیاندەکرد.
لەو سەردەمەدا چەمکی سەروەریی، بە توندی گرێدراوی قازانج و بەرژەوەندی دەوڵەتەکان بوو. بەتایبەتی لە سەردەمی لە دایک بوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان لە ماوەی هەردوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا، لە هەموو کاتێک زیاتر شەرعیەتی نێو دەوڵەتیی بە پرینسیبی یەکسانی دەوڵەتان و دەستتێوەرنەدان لە کاروباری نیوخۆیی دەوڵەتان درا. بۆ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان مەسەلەی سەروەری دەولەت و دەستتێوەرنەدان لە کار و باریی نێوخۆیی، پاساوێکی یاسایی لەباری خوڵقاند بۆ ئەوەی بێ هیچ سڵمینەوەیەك کوشتاری بە کۆمەڵ لەکورد بکەن. کورد قڕانی هەڵەبجە، قارنا، قەڵاتان، ئیندرقاش...نموونە گەلێکی ئەو ڕاستییەن.
ئەم دۆخە نالەبارە تاکۆڕەوی میلیونی کورد لە باشوری کوردستان دریژەی هەبوو. بەفەرمی ناسینی ئەرکی دەستتێوەردانی مرۆڤی بە هۆی بڕیاری 688ی ئەنجومەنی ئاسایش بە مانای کرانەوەی دەلاقەیەکی نوێ بوو، بۆ دەربازبوون لەو دۆخە. ئەم بڕیارە لە چەند ڕۆوەوە بۆ کورد دەسپێکی وەرچەرخانێکی گەورە بوو.
لە لایەك سنووردداربوونی دەسەڵات وسەروەری دەوڵەتانی لێ کەوتەوە. لە لایەکی ترەوە گیانی هەزاران مرۆڤی کوردی لە مەترسی مەرگ و لەناوچوونی حەتمی قوتار کرد، هاوکات لەگەڵ ئەوانە لە بەشێکی بەرچاو لە شار و گوندەکانی کوردستان، دەوڵەتی عێراق ناچار بە پاشەکشە کراو بەشێوەیەکی یاسایی ناوچە پاراستن و دژەفڕین بۆ کورد پێکهێندرا.

بەڵام مەخابن لە کاتی بڵاوبوونەوەی بڕیارنامەی688ی ئەنجومەنی ئاسایش، کورد لە باشووری کوردستان نەیتوانی بەتەواوی کەڵکی پێویستی خۆی

لێوەربگرێ. کێشەی لە مێژینەی نێوان دوو هێزی سەرەکی و دواتر ڕوودانی شەڕی ناوخۆیی و ئینجا مارانگاز بوونی کورد لەسەردەمی شەڕی سارد هۆکارێکی گەورە بوون بۆئەوەی ناوماڵی کورد نەتوانێ ئەو جۆرەیکە دەبێ ببێ، دەستکەوتەکانی ئەو دەرفەتە مێژوویییە بقۆزێتەوە.
قایل بوونی کورد بۆ مانەوە لە چوارچێوەی دەولەتی عێراق پێش ئەوەی لە چۆنیەتی پارسەنگی هێزی نێوان کورد و عەرەبەوە سەرچاوەی گرتبێ، بۆ لەسەر هەست نەبوون و دۆخی شیواو و ماڵی لێکترازراوی کورد دەگەڕایەوە. لەو کاتەوە تا ئێستا کورد هەموو هێز و توانای خۆی خستە گەڕ بۆ دروست کردنەوەی دەوڵەتی عێراق، کەچی بە بێ ئەوەی تا ئێستا توانیبێتی لەسەر مەسەلەبنەرەتیەکانی وەک دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان، مەسەلەی کەرکوک مەسەلەی بوودجە و مەسەلەی پێشمەرگە... بە ئاکامێکی هاوبەش گەییشتبێ. ئەزمون و تاقی کردنەوەی ئەو چەند ساڵە، نیشانی داوە بیری دیموکراتیزەکردنی دەولەتی عێراق خەونێکی بەتاڵە. ئەم بیرە، ستراتیژییێکی شکست خواردوە و ئەم وەهمە تەنیا لای کورد دەس دەکەوێ و بەس. هەموو دڵخۆشی کورد ئەوەیە مافە ڕەواکانی لە یاسای بنچینەیی عێراقدا پەسەند کراوە، بەڵام کێ هەیە نەزانێ ئەوی لەو وڵاتانەدا بایەخێکی نەبێ یاسا و پەسەندکراوی یاساییە.
ئەوە ڕاستە لە عێراقی ئێستادا حیزبی بەعس لە دەسەڵات خراوە، بەڵام گرفتی کورد لە سەردەمی سەدامیشدا تەنیا لەگەڵ ئەو و حیزبی بەعس نەبوو، بەڵکوو لە گەڵ تەواوییەتی کولتووری دەوڵەتی عێراق بوو. کولتووری نایەکسانی نەتەوەکان لە دەسەڵات، لە دوای نەمانی سەدامیش هەر درێژەی هەیە و چ گۆڕانێکی بە خۆیەوە نەدیوە.
لایەنە عەرەبیەکان، تەنانەت ئەو کاتەی لەو پەڕی لاوازیش دان، هێشتا بە مافی خۆیانی دەزانن سنووری ماف وئازادی نەتەوەی کورد دیاری بکەن. ئەو فیدرالیزمەی بۆ سیستمی بە ڕێوەبەری ئەو وڵاتە دەستنیشان کراوە، تا ئەو جێگایەی بۆ لایەنی عەرەبی دەگەڕێتەوە چ ڕەزامەندییەکی پێوە نابینی. هەر بۆیە لەو جۆرە وڵاتانە کە هەموو شتێک گرێدراوی پێوەری هێزە، یاسا و پەسەند کراوی یاسایی شتێکی زۆرمان ناتوانێ پێ بڵێ. بەکورتی بڵێین: "بە بڕانەوەی شەڕی سارد و سنووورداربوونی چەمکی سەروەری کورد لە هەموو روویەکەوە هەل ودەرفتی لە باری بۆ رەخسا. بڕیاری ٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایش سەرەتایەکی نوێی لە بە نێودەوڵەتیکردنی دۆزی کوردی لە گەڵ خۆی هێنا. کورد توانی بە هۆی ناوچە پاراستن و دژە فرینەوە،

پارلەمان و دەسەڵاتێکی خۆماڵی دابمەزرێنێت. هاوتەریب لەگەڵ ئەوانە کورد توانی پێوەندییە دەرەکییەکانیخۆی لەگەڵ دەوڵەتانی دنیا بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز بکات. لە جەنگەی هێرشی ئامریکا بۆ سەر عێراق وەک هاوپەیمانی گەورەترین زل هێزی دنیا حیسابی بۆ کرا.
ئەمانە هەموو دەسکەوتێکی گرینگ بوون بۆ کورد، بەڵام کوردیش دووجارهەلی گەورەی بۆ یەکلایی کردنەوەی دۆزەکەی لە کیس چوو.

جاری یەکەم لە کاتی پەسەندکردنی بڕیاری٦٨٨ی ئەنجومەنی ئاسایشبوو. دووهەم جاریش لە دوای هێرشی ئامریکا و ڕووخانی دەوڵەتی عێراق بوو.
لە هەردوو قۆناغەکەدا کورد دەرفەتی گەورەی لەدەستدا. کورد دەیتوانی بە هۆی راپرسییەوە بڕیارێکی یەکلا کەرەوە بۆ چارەنووسی خۆی بدا. ئەگەر لە کاتی درووست کردنی دەوڵەتی عێراقدا، بریتانیا بێ هیچ راپرسیەیک لە کورد، باشووری کوردستانی بە عێراقەوە لکاند، ئەمجارە کورد بەدەستی خۆی، خۆی بە عێراقەوە لکاندەوە. شەڕی یەکەمی جیهانی ڕێگای بەتێکچوونی چەند ئیمپراتۆرییەتێک و دامەزراندنی چەند دەوڵەتی نوێدا، بەڵام مەخابن نیشتیمانی کورد بووە چوارپارچە و گەورەترین ستەمی مێژوویی لێکرا. لە شەڕی دووهەمی جیهانی یەوە تاکوو ساڵی١٩٨٩، واتە لە سەردەمی سیستەمی دوو جەمسەرییدا، هەم لەلایەکی توشی خەساری نەتەوەیی هاتەوەو هەم لە لایەکی ترەوە بە کردەوە خرابووە دەرەوەی هەر دووبازنەی دنیای دوو جەمسەرییەوە. بەڵام ئەم جارەیان چی؟ تۆ بڵێی ئەمجارەش هەر زل هێزەکان سووچ باربووبێتن؟

لە دوای شەڕی کەنداو و هێرشی ئامریکا بۆ سەر عێراق، گۆڕانکارییەکانی چەند مانگی ڕابردووی وڵاتانی عەرەبی، گرینگترین ڕووداوی چە ند ساڵی ڕابردووی ئەو ناوچەیە دێنە ئەژمار. هەموو نیشانەکان لەوە دەدوێن گشت ناوچەکە لە بەردەم دۆخێکی هەستیار و چارەنوس ساز دایە. هەر لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا سێ حکوومەتی لە مێژ ساڵەی ناوچەکە تووشی رووخان و لە ناو چوون هاتوون . ئەوە لە حاڵێک دایە شەپولی ناڕەزایەتی خەڵک بە دژی ئەو ڕژیمانە هەردەم لە پەرەگرتن و کڵپەسەندنی پتردایە. ئاڵۆزیی و نائارامییەکان لە یەمەن هەروا بەردەوامن. لە سووریە ڕۆژ نییە خەڵک نەڕژێنە سەرشەقام و لە لایەن هێزەکانی دەوڵەتەوە نەدرێنە بەر دەسڕێژ. ڕووداوەکان هێندە بە خێرایی دەچنە پێشێ، لە کەس دیار نییە و سبەینێ ودوو سبەی ئەم شەپۆلە ڕوو لە چ وڵاتێکی تر دەکات. هەردەڵێی هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەخەوێکی قورسی لەمێژساڵە ڕاچەنیوە و بە پەلەیە لە ماوەیەکی کورتدا قەرەبووی هەموو ئەوساڵانە بکاتەوە. ئێستا لە دوای ڕووخانی حکوومەتەکە ی موعەمەرقەزافی لە لیبی هەموو لایەک چاویان لە دۆخی سوریە بڕیوە. بارووددۆخەکە لەو وڵاتە تا ڕادەیەک دۆخێکی تایبەتییە. بەو مانایە نە خەڵک و ئوپۆزۆسیۆن تا ئێستا توانیویانە حکوومەت بەچۆکدابێنن ونە حکوومەتیش توانیویەتی بۆ هەمیشە خەڵک بنێرێتەوە ماڵەکانیان. ئەم کەش و هەوایە پتر لە ٨ مانگە درێژەی هەیە. کۆمەڵگای نیونەتەوەیی چیتر ناتوانێ لەوە زیاتر لەحاند کوشتار و بێڕەحمی بەشار ئەسەد بێ دەنگی بگرێتە بەر.

لە نێوهەموو ئەگەرەکان، دووپات بوونەوەی سناریۆی لیبی لە سوریا لە هەموو ئەگەرێکیتر واقعیتر بە نەزەر دەگات .

بە هاتنە ئارای دۆخێکی ئەوتۆ ئەوە تەنیا کوردی بندەستی سووریە نییە خۆ لەبەردەم کەشوهەوایەکی نویدا دەبینێتەوە، بەڵکوو بە لە بەر چاوگرتنی هاوپەیمانییەتی نێوان دوو دەولەتی ئێران و سووریە کوردی بندەستی ئێرانیش دەخاتە بەردەم هەلومەرجێکی تازەوە. هاوتەریب لەگەڵ ئەوبارووودۆخەی سووریە، دەولەتی ئێرانیش ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ زیاتر دەخرێتە ژێرفشار و زەختی کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە. مەسەلەی تەیار بوونی ئێران بە چەکی ئەتۆمی، بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی شتێکی غەیری

قابیلی قەبووڵە. لەولاشەوە تاران هەروا لە سەر بەرنامەکانی ئەتومی خۆی پیداگری دەکات. ئەم دۆخەش ناتوانێ تا سەر دریژەی هەبێ، یان ئامریکا و رۆژئاوا دەبێ بۆ ئێرانێکی ئەتۆمی ملکەچ بکەن یا خۆ دەبێ لە ڕێگای گورزی سەربازییەوە تاران ناچار بە پاشەکشە بکەن. ئەوە لە کاتێکدایە هەوڵە دیپلوماسییەکان تا ئیستا هیچ ئاکامێکی ڕوونی لێنەکەوتۆتەوە. بە هەلپەسێراوی مانەوەی ئەم بارودۆخە، ئەگەر بۆ ئێران بە مانای کات کوشتن و دەست پێڕاگەییشتن بە چەکی ئەتۆمییە، بۆئامریکا و ڕۆژئاوا ئەم مەسەلەیە ڕاست بە پێچەوانەیە. هەربۆیە درەنگ یا زوو ئامریکا و ڕۆژئاوا ناچارن بیر لە گوزینەیەکی تر بکەنەوە. بە کورتی بڵێین هەموو نیشانەکان لەوە دەدوێن تەواوی ناوچەکە بە دۆزێکی قەیرانیدا تێپەڕ دەبێ و هەموو ئەو ڕووداوانە لەسەر ئێستە و پاشەڕۆژی کورد کاریگەرییەکی گەورە دادەنێن.
ئێران لە سەرێکەوە فەرق وجیاوازییەکی بەرچاوی هەیە لەگەڵ عێراقدا. پێکهاتی نەتەوەیی وئیتنیکی ئێران، پێک هاتەیەکی فرە جۆروفرەچەشنە. پتر لە نیوەی دانیشتوانی خەڵکی ئەو وڵاتە لە گەلانی غەیرە فارس پێکهاتووە. ئەگەر بۆ درووست کردنەوەی عێراقی دوای سەدام تەنیا دوو نەتەوەی کورد و عەرەب دەیانتوانی بڕیاردەربن، لە ئێران دۆخەکە زۆر ئاڵۆزترە. لێرە بوونی چەند نەتەوەی جیاواز لە ئارا دایە. جگە لە فارس، هەرکام لەو نەتەوانە بەساڵانیکی دوورو درێژە، حاشا لە بوون و ناسنامەی نەتەوەییان دەکرێ و بێ بەزەییانە سەرکوتدەکرێن. بۆ ئەو نەتەوانە ئێران بەندیخانەیەکی بە تەواویمانایە. هەر ئەوەندە بەسە بە هۆی نوخبە و حیزبی میللی ئەو نەتەوانەوە گەرای بیری سەربەخۆییخوازی دابنرێ، تاران ناتوانێ بەگژ هەموو ئەوهێزانەدا بچێتەوە. ئێرانی ئەوڕۆ ئێرانی ساڵی١٣٥٧ی هەتاوی نییە.لەو سەردەمەدا گوتار و پراکتیکی مودیلی حیزبی سەرانسەریی دۆزی نەتەوەیی، نەتەوە ژێردەستەکانی ئێرانی بە تەواوی بە لاڕێ بردبوو. لەو ساڵانە دا تەنیا نەتەوەیەکی کە خاوەنی حیزبی تایبەت بە خۆیبوو، نەتەوەی کورد بوو.

بەڵام ئێستا ئەوا بۆ چەند ساڵێک دەڕوا لە نێو ئەو نەتەوانەش کەش وهەواکە گۆڕاوە. لە لایێکەوە مەسەلەی ناسنامەی نەتەوەیی لایان بایەخێکی پتری پەیدا کردووە، لەلایەکیتروە هەرنەتەوەیەک حیزب و سازمان و کۆڕ و کۆمەڵی تایبەت بە خۆی بنیات ناوە. ئەورۆ ڕەنگە ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵانە وەک هێزێکی کۆمەڵایەتی نەیەنە بەر چاو، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ لەگەڵ

کرانەوەی یەکەم دەلاقە هەموو ئەو هێزانە دەبنە هیزێکی جەماوەری. بەهەر ڕادەیەک مودێلی حیزبی سەرانسەری لە ئێران تووشی شکست و ناکامی بێ، بە هەمان ئەندازە نەتەوە ژێردەستەکانی نێشتەجێی ئەوڕۆی ئێرانیش هەنگاوێک لە ڕزگاربوون نزیکتر بوونەوە. مێژوی مودیلی حیزبی سەرانسەری لە وڵاتێکی فرە نەتەوەیی وەک ئێران دا، مێژووی دیفاع لەسەر دەستمانەوەی نەتەوەیی فارس بووە. گوتار و بیری مودیلی حیزبی سەرانسەریی لە ژێر هەر ڕەشماڵێک خۆی حەشاردابێ، دیسانیش بە تۆخیی ئاوێتەی دیفاع لە بەرژەوەندییەکانی نەتەوەی فارس بووە. لە کەش و هەوایەکی وادا هەوڵدان بۆ دروست کردنی دامەزراوێکی سیاسی کە بتوانێ بە وێنەی چەترێک هەموو حیزب وڕێکخراوی نەتەوە ژێر دەستەکانی نیشتەجێ ئەوڕۆی ئێران بۆ گەیشتن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس و ساخکردنەوەی سەروەری سیاسی لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە، وڵام دانەوە بە ئەرکێکی مێژووییە.

ئێستا بۆکورد وەختی ئەوەیە بە چاوێکی کراوەوە لەم دۆخە نوێیە بڕوانێ کە لە ناوچەکەدا بەرێوەیە . ئاشکرایە هەرچەشنە گۆڕانکارییەك کە لە ناوچەکەدا روو بدات، ڕاستە و خۆ ئێمەش دەگرێتەوە. دەبێ ئەوەمان لە بیرنەچێ مەرج نییە هەموو کاتێ دوخێکی لەم چەشنە لە ئارادا بێت. ڕەنگە هەر چەند دەیەیەک جارێک، کەش و هەوایەکی لەم جۆرە بێتە ئاراوە کە نەخشەی سیاسیی ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا بێت. بۆیە بۆ کورد ئەم دۆخە نوێیە، دەتوانێ شەڕی بوون ونەبوون بێ. کێ لە ئێستاوە ڕەوتی ڕووداوەکانی باشتر خوێندبێتەوە ئەوکەسە زۆرتر لە هەمووان داهاتووی خۆی مسۆگەرتر کردووە. لە جیهانی سیاسەتدا، هیچ گرێمانە و ئەگەرێک غەیرە مومکین نییە. ئەوەی ئەورۆ دەتوانێ بە خەونیش بە بیری مرۆڤدا نەیە، سبەینێ دەتوانێ لە دونیای واقیعدا بێتەدی. کێ پێی وا بوو بە ئاگری جەستەی لاوێکی توونسی، کۆشک و تەختی چەندینساڵەی بووعەلیش ئاگر بگرێ؟ میسری نووستوو لە خەوڕابێ، دەسەڵاتی ٤٠ساڵەی قەززافی کۆتایی پێبێ؟ سەددام حوسەینی دیکتاتۆر پەتی سیدارەی لە ملبکرێ؟ حوکمی ڕەشی تاڵەبانەمێنێ؟ دیواری بەرلین هەرس بێنێ؟ کۆزۆڤۆش سەربەخۆ بێ. خەڵکی دارفوور بە گیانی خۆیان بگەن. کۆمارەکانی سۆڤییەتی بەریی یەک لە دواییەک بانگی سەربەخۆیی خۆیان بە دوور و نزیک بگەیێنن. هەر بویە چ شتیکی سەیر نابێ ئیرانیش لەگەڵ دۆخیکی وا بەروروبی. لێرەدا هەموو کرۆک و تەوەری باسەکە ئەوەیە، ئەگەر سیناریۆی لیبی بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ئێرانیشدا دووپات بێتەوە، یا خۆ بە شیوەی تونس و میسر گلۆڵەی ئەو ڕژیمە بەرەو فەوتان و نەمان بڕوا، لەم حاڵەتانەدا هێزە سیاسییەکانی کورد چ هەڵوێستیک وەردەگرن؟ ئەوان شوێنی خۆیان و کورد لە بڕینی کام ڕێگادا دەبینن؟ داخوا دەیانەوێ ئەرکی درووستکردنی باڵانس و ڕۆڵی ڕدێن سپی بگێڕن بۆ قایلکردنی ئازەری و بەلووچ و عەرەب... بۆ مانەوە لە ئێراندا، یاخۆ کورد دەبێتە ڕێ نیشاندەرێک بۆ لەگرێژە نەبردنی تەواوییەتی ئەرزی لەو وڵاتە؟ لە سیاسەتی کوردییدا ٦١ ساڵ لەمەو بەر پێشەوا قازی موحەممەد لە گەڵ پرسیارێکی لەم چەشنە ڕووبەڕوو بوو. لەو کاتەدا پێشەوا قازی موحەممەد دەبوایە لە نێوان ئەوچەند ئاڵترناتیوەدا هەڵبژاردنی خۆی بکردایە. ئاڵترناتیوی **یەکەم،** دەست لە

سەردەست دانان بوو. کورد ڕابوەستێ دەسەڵاتی داگیرکەرانەی تاران هێزی بێتەوە بەر و سەرلە نوێ هێزی سەرکوتکەری خۆی لە کوردستان مۆل بداتەوە. ئەمە بە مانای ئەوە بوو کورد لە هەلی رەخساوی کزی ولاوازی تاران چ کەڵکێک وەرنەگرێ و چاوەڕووانی قەزاوقەدەر بمێنێتەوە. ئاڵترناتیوی **دووهەم**: قەبووڵکردنی پاشکۆیەتی و مل کەچی بۆ ئازەربایجان بوو. **سێهەم** بەدیلیش: بیر و کردەوەی دەسپێشخەرانە بوو. پێشەوا بە ڕاگەیاندنی کۆماری سەر بەخۆی کوردستان بە کردەوە و بە گوتار هەر دوو بەدیلی تری دایە دواوە. ئەم بڕیارە مێژوویيە، ئێستاش دەتوانێ ئیلهامدەری سیاسەتی کوردیی بێ. ئەزموون و تاقیکردنەوەی هەموو پارچەکانی کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەریخستووە پشت بەستن بە وادە و بەڵێنییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو وڵاتانە، لە زومرەی گەورەترین هەڵەی قەرە بوو نەکراوە. پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرهەمی ناکۆکیی نیوان دەسەڵاتی داگیر کەر و خەڵکی کوردستانە. ئەم پرسە لە ناوەرۆکدا کێشەی بە دەستهێنانی سەروەریی سیاسییە، ڕزگارکردنی خاك ودانهێنان بە ناسنامەیە. ئەزموون و تاقیکردنەوەی کورد تا ئیستا نیشانی داوە بە گۆرینی مۆرەکان لە تاران گرفتی چارەسەرنابێ. لە گۆشە نیگای ماڵی کوردەوە کێشەی هەرە گەورەی سترکتۆری دەسەڵاتی سیاسیی ئێران، قەیرانی کولتوری داگیرکردنە. قەیرانی ڕەوایی دەوڵەتێکە کە بە زەبری ستەم و چەک، پاریزگاریی لە مانەوە و باندەستی نەتەوەیی فەرمانڕەوا دەکات. کەچی سەیر ئەوەیە هەر لە کاتی درووستبوونی مودیلی دەوڵەت نەتەوەوە لە ئێران دا کورد بە شارومەندی ئەو وڵاتە دەژمێردرێ، بەڵام تەنیا ئەوەی لە سەر بووە بە بێ هیچ مەرج ومافێکی نەتەوەیی شانازیی بە ئیرانی بوونی خۆیەوە بکات. دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو وڵاتە وەک هەر دەوڵەتێکی داگیرکەر بە زەبری هێز و تانک و تۆپ دەستیان بە سەرڕۆژهەڵاتی کوردستان داگرتووە. جۆری سیستەمی خویندن و زمان و کولتووری خۆیانی بەسەرداسەپاندووە. تەنانەت بە بڕیاری ئەو سنوری جوغرافیا کەشی شێواندراوە. گەلۆ لیرەدا پرسیار ئەوەیە کورد لەو وڵاتە چی پێبڕاوە بەهاتنی ئامریکا و ڕۆژئاواییەکان لە کیسیبدا؟ کارخانە و بنکە و دامەزراوی سەنعەتی؟ شەمەندەفەر و خەستەخانە و بنکەی فراوانی تەندرووستی؟ سەروەریی نەتەوەیی؟ ئازادی تاکەکەسی؟ هەر بە ڕاست کورد چیتری ماوە بۆ کوشتارگەی تارانی بنێرێ؟ بۆیە بۆ ئێمە پێویستە

خوێندنەوەیەکی تایبەت بە خۆمان و دۆخی سیاسیی نویی جیهانمان هەبێت. بەر لە هەرشت بۆ ئێمە گرینگ ئەوەیە لە تایبەتمەندی دۆخی کوردستانەوە وەک وڵاتێکی ژێردەست و دابەشکراو لە کۆیی ئەوڕووداوانە بڕوانین کە لە ناوچەکەدا بە ڕێوەن. دۆخ و حاڵەتی ئیمەی ژێردەست وحوکمکراو و ئەوانی سەردەست و حوکمڕان، دوو دۆخ و حاڵەتی بە تەواوی لێک جیاوازە. ئەوەی بۆ ئێمە دەتوانێ سەرەتایەکی نوێ بێ، بۆ نەتەوەی فەرمانڕەوا دەتوانێ بە پێچەوانە بێ . پتر لە ١٠٠ ساڵە لە ئێران(واتە لە شۆڕشی مەشرووتەوە) باسی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسیی لە ئارادایە. لە وکاتەوە تا ئێستا نوخبە و ئیلیتی نەتەوەیەکی خاوەن دەوڵەت، لەو پرسە ڕادەمێنێ ولە خۆدەپرسێ: چۆن دەتوانێ وڵاتەکەی دێموکراتیزە بکا؟ لە کوێوە دەبێ دەست پێبکات؟ کەند و کۆسپەکانی سەر ئەو ڕێگایە چن؟ بۆهەموو ئەو هەوڵانەی تائێستا دراون بە شکست وناکامی گەییوون؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسییارانە خاوەن بیرانی نەتەوەیی بان دهست دەیان تیئۆرییان هێناوەتە گۆڕێ. تیئۆرییەک بوونی نەوت لە پاوانی دەوڵەتدا بە هۆکاری سەرنەکەوتنی تا ئێستای ڕەوتی دێموکراتیزاسیون لە ئێران دەزانێ. هیندێکیتر نەبوونی کۆمەڵگای مەدەنی ونەبوونی کولتوری دێموکراتی بە گرفت لە قەڵەم دەدەن. ژمارەیەکیترئاماژە بە نەبوونی سیستەمی چەند حیزبی دەکەن. ڕوانگەیەکی تر ئامریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تاوانبار دێنێتە ئەژمار. کۆمەڵێکی تر ئایین بە کوسپی سەر ڕێگای ئەو ڕەوتە دەزانێ. ژمارەیەکی تر ئیشارە بە نەبوونی حکومەتی یاسا دەکەن. ئەم گێژاوە پتر لە سەدساڵە لە ئێران درێژەی هەیە و کەس نازانێ دێموکراتیزە بوونی ئەو وڵاتە کەی وەختی دێ و لە کوێوە دەستی پێدەکرێ؟ گرفتی کاریی ئەوانەی پرسی کورد بە مەسەلەی دێموکراتیزە کردنی سیستەمی سیاسیی ئێران دەبەستنەوە ئەوەیە بۆ کوردی ڕوون ناکەنەوە کورد دەبێ چەند ڕاوەستێ تا ئێران دێموکراتیزە بکرێ و ئینجا ئاورێکیش لە مەسەلەی کوردبدرێتەوە؟ لە ئورووپا مەسەلەی دێموکراتیزەکردن پتر لە چەند سەدەی خایاند، گەلۆ پرسیار ئەوەیە دەبێ لە ئێران ئەم مەسەلەیە چەندی پێ بچێ و کورد دەبێ تا کەی بوەستێ؟ بەڵام ئەوە هێشتا هەموو گرفتەکە نییە. لێک گرێدانی دۆزی کورد بە مەسەلەی دێموکراتیزە کردنی ئێرانەوە ئەوەش بۆ خۆی گرفت و جێگای پرسیار و بیرلێکردنەوەیە. لەو بەستێنەشدا کۆمەڵێک پرسیار دێنە ئاراوە. پرسیاری وەک: ئایا مەسەلەی کورد دەتوانێ بە هۆی دێموکراتیزە کردنی ئێرانەوە چارەسەریی بۆ وەبینرێ؟ دێموکراتیزە بوون

یانی چی و ئەم چەمکە چۆن پێناسە دەکرێ؟ داخوا تۆ بڵێی چ پێوەندییەک لە نێوان مەسەلەی دێموکراتیزەکردنی دەزگای دەولەت لە ئێران و دۆزی نەتەوەیی کورد لە ئارادابێ؟ ئایا ئەم دوو ڕەهەندە واتە مەسەلەی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران و دۆزی نەتەوەیی کورد سەر بە یەک ماڵباتن؟ بە گوێرەی ئەوەی تا ئێستا لە ئەدەبیات و گوتاری نوخبە و ڕووناکبیری فارس بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانە بینراوە، لە ڕوانگەی ئەوانەوە هەوڵدان بۆ دێموکراتیزە کردنی دەزگای دەوڵەت لە ئێران چ پێوەندییەکی بە دۆزی نەتەوە ژێر دەستەکانەوە نییە. لەو نێوەدا ئەگەر بێتوو گشت ئەدەبیاتی ئۆپۆزوسیۆنی ئێرانی بپشکێنرێ، بە هەڵکەوتیش بووبێ بەو مانایەی کورد گەرەکیە کەڵک لە چەمکی دێموکراتیزە بوون وەرنەگیراوە. ئەوەی تا ئێستا لە گوتار و ئەدەبیاتی سیاسی ئۆپۆزوسیۆنی ئێرانیدا بینراوە، چەمکیدێموکراتیزەبوون بە شێوەیەکی زۆرسنووردار هەڵسووکەوتی لە تەکا کراوە و بۆ وێنە ماناگەلێکی وەک: مەسەلەی هەڵبژاردنی ئازاد لە وڵاتدا، مەسەلەی ئازادییە مەدەنییەکان، جودایی دین لە دەوڵەت،حکوومەتی سیکۆلار، نەمانی ویلایەتی فەقیە، سەروەری حکوومەتی یاسا و شتی لەم بابەتە پێناسە کراوە. ئاشکرایە هیچکام لەو مەسەلانەش پێوەندییەکی جەوهەرییان بە دۆزی چارەسەری مەسەلەی کوردەوە نییە. دەکرێ حکوومەتێک لە تاران سکولاربێ، بەڵام کورد هەروابێ بەش بێ. دەکرێ سیستەمی ویلایەتی فەقیە ی بە تەواوی هەڵگیرێ، بەڵام کورد هەر ژێر دەستەبێ. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەردووک لەو دوو مودیلەی لە حوکمڕانی تارانی تاقی کردۆتەوە. لە حکوومەتی پاشایەتی بنەماڵەی پەهلەوی دا ، چ باسێک لە ویلایەتی فەقیە و دەسەڵاتی ئایینی لە ئارادا نەبوو، بەڵام کورد تا سەرئێسقان ژان وئازاری دەچێشت و نکۆلی لە بوونی دەکرا. بە پێچەوانەکەشیمان لە دوای رووخانی حکوومەتی شاە و هاتنە سەرحوکمی ڕووحانییەتی شیعە تاقی کردۆتەوە. کەچی سەیر ئەوەیە لای کورد لە هەموو کەس زیاتر خەونی دێموکراتیزەکردنی ئێران، ڕۆمانتیکتر و دڵڕفێنترە. لەدوای کۆماری کوردستانەوە هەموو خەونی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێموکراتیزەکردنی ئێران بووە، بەڵام بە بێ ئەوەی توانی بێتی تاقە تۆزقاڵێک لە بەرەو پێشبردنی ئەو ستراتیژییە سەرکەوتوو بووبێ. لە گۆڕەپانی سیاسی ئەوڕۆی ئێران دا هیچ هێزێکی سیاسی جیدی ئۆپۆزوسیۆنی ئێرانی شک

نابرێ که هەم له لاییێکەوە باس له دێموکراسی له ئیران دا بکا و هەم باوەڕی به یەکسانی نەتەوەکان له دەسەڵاتدا هه بێ.

08.12.2011

**Literaturverzeichnis**


Die politische Theorie Jean Bodins 1

Michael Lausberg(Aachen/Deutschland)

www.tabvlarasa.de/ 34/Lausberg.php

---

Geschichte der Philosophie 2.

Bryan Magee

Coventgarden

---

DUDEN Politik 3.

PAETEC

Herausgeber: Prof. Dr. Ralf Rytlwski

:Dr.SC. Carola Wuttke

---

Der Westfälische Frieden 4.

Herbert Langer

Brandenburgisches Verlagshaus

---

24. Oktober 1648 5.

Unterzeichnung der Westfälischen Friedensvertrag in Münster

www.1w1.org/westfaelische-
.....geschichte/portal/Internet/i

---

Münchener Studien zur Politik Band 20 6.

Klaus-Michael Kodalle

Thomas Hobbes-

Logik der Herrschaft und Vernunft des Friedens

Verlag C.H. Beck

---

Klassische Texte der Staatsphilosophie 7.

Herausgegeben von Norbert Hoerster

Dtv-Verlag

---

Lexikon der Politikwissenschaft 8.

Herausgegeben von Dieter Nohlen und

Rainer-Olaf Schultze

Band 1 und 2

---

Martin Luther 9.

www.planet-wissen.de/kultur-medien/religion/

martin_1...22.09.2011

---

Jean Bodin 10.

Herausgegeben von Horst Denzer

Verlag C.H. Beck München

---

Machiavelli 11.

Gesammelte Werke

Herausgeber Dr. Alexander Ulfig

Nach den Übersetzungen von:

Johann Ziegler und Franz Nicolaus Baue

Verlag: Zweitausendeins

---

Niccolo Machiavelli 12..

Der Fürst

Die Kunst des Regierens

Cary Nederman -Professor für Politik an der Texas A and M university

2007 Taschen GmbH

---

Machiavelli und seine Zeit 13.

Eugen Diederichs Verlag

Marcel Brion

Übersetzt von Anja Hegemann

---

**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی و فارسی:**

1. میژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا. بەرگی دووهەم. لە سوقەراتەوە بۆ ماکیاولی. لە نووسینی کەماڵ پولادی و وەرگێڕانی ئازادوەلەدبەگی، سیروان جبار زەندی.

---

2. ڕێگوزەری بیری سیاسی. سمێن – ئێرک لیدمان.وەرگێڕانی لە سوێدیەوە. ئاسۆس کەماڵ ستۆکهولم ١٩٩٧.

---

3. رێنسانس لە نوسینی د.کە مال مەزهەر. لهوەرگێڕانیفوئاد مەجید میسری.

---

4. بە جیهانی بوون و شوناسی نەتەوەیی (کۆمەڵهوتارو وەرگێڕانی ئازاد وەلەدبەگی) لە بڵاو کراوەکانی سەنتەری ڕووناک بیری هە تاو.

---

5. کولتور و ناسیۆنالیزم.د. رفیق سابیر سوبید٢٠٠٣.

---

6. دەروازەیەک بۆ یاسای گشتی نێو دەوڵەتی. عوسمان عەلی وەیسی. بە شی یەکەم. چاپخانەی خانی. هەولێر٢٠٠٨

7. میژوی دیپلۆماسی و پەیوەندییە نیونەتەوەیەکان. د.ئە حمەد نەقیب زادە. لە وەرگێرانی مستە فا مەعروفی. چاپخانەی هەولێر ۲۰۰۸.

8. شوناس و ئالۆزی. مه ریوان وریا قانع . چاپخانەی ڕەنج سلێمانی۲۰۰٤

9. گرینگی و پێویستی هەرێمی پاراستن و دژە فرێن لە ڕۆژهەلاتی کوردستان. ئەیوبئەیوبزادە ۲۰۰۵/۰۸/۳۰.

10. ماکیاویلی و بیری رێنسانس. رامین جیهانبە گلو. وەرگێرانی موسلع ئیروانی. هەولێر ۲۰۰۱.

11. تێگەییشتن لە تیورە سیاسیەکان. تۆماس سپراگینز. وەگێرانی فەرشید شەریفی چاپخانەی کارۆ.

12. تاریخ اندیشه دمکراسی در اروپا.مهدی رجبی چاپ اول ۱۳۸۹.

13. خداوندان اندیشه سیاسی جلد دوم .ویلیام تامس جونز. ترجمه علی رامین ۱۳۸۹.

14. فلسفه سیاسی . جین همپنن . خشایار دیهمی ۱۳۸۰ انتشارات طرح نو.

15. تاریخ عقاید سیاسی. از افلاطون تا هابر ماس. سون اریک لیدمان. ترجمه سعید مقدم

16. تاریخ تمدن. ویل دورانت.